
## ڕۆڵی حزبی سیاسیی لەدیموکراتی نوێنەرایەتیدا

# دەشێت بەبێ دیموکراتی
# حزبی سیاسیی بوونی هەبێت
# بەڵام بەبێ بوونی حزبی سیاسیی...
# دیموکراتی پیادەناکرێت



((تیب ئۆنیل سەرۆکی کۆچکردووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، سەبارەت بەسیاسەت لەکۆمەڵگەی دیموکراتی وتویەتی (هەموو سیاسەتێک لەکۆمەڵگەی دیموکراتی، سیاسەتی لۆکاڵە)، هاوشانی ئەم وتەیە، کاتێک پارتە سیاسییەکان دەتوان ڕۆڵێکی سەرکەتوو لەکۆمەڵگە بگێڕن کە بتوانن لەچوارچێوەیەکی نیشتمانیدا لەئاستی خواست و داواکانی هاووڵاتیانی کۆمەڵگەی خۆیاندا بن، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوەیە کە پارتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵی میانگیر بگێڕن و زەمینەی هاوبەش فەراهەم بکەن، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو زەمینە هاوبەشە حزبەکان نەرمی بنوێنن و کۆمپرۆمایز بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، ئەم ڕێککەوتنەی نێوان حزبە سیاسییەکان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە یەکگرتوو بێت و یەکڕیزی کۆمەڵگەش بپارێزرێت.. کەواتە بێجگە لەحزبە سیاسییەکان دامەزراوەیەکی دیکە لەکۆمەڵگەدا بوونی نییە، کە بتوانێت لەیەک کاتدا بەرژەوەندی هاووڵاتیان ڕێکبخات و نوێنەرایەتیشیان بکات و هەروەها بەپێی ئەو مۆڵەتەی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بەحزبی سیاسیی دراوە دەتوانێت ئاستەنگیش بۆ کارەکانی حکومەت دروست بکات، هەربۆیە مێژووی لە دووسەدە زیاتر ئەو ڕاستیەی سەلماندووە بەبێ بوونی حزبی سیاسییەکان دیموکراتی نوینەرایەتی بونیاد نانرێت، هەر ئەمەشە کاتێک هاووڵاتیان متمانەیان بەحزبە سیاسییەکان لەق دەبێت، ئەوا تەواوی سیستمە دیموکراتیەکە پەرش و بڵاو دەبێت، بۆیە زۆر پێویستە سیستمی حزبەکان بەشێوەیەکی زۆر قووڵ و پتەو لەنێو نەسیجی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بچەسپێنرێت)).



کینس واڵاک سەرۆکی NDI





هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەحزبە سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە جێگەی سەرسورمان نییە ئەگەر ئەو قسەیە ببێتە باو کە دەڵێت (حزبە سیاسییەکان سەرچاوەی کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتین)، بەڵام پرسی لەمە گرنگتر کە پرسیاری جددی بەدوای خۆیدا دێنێت ئەوەیە، ئایا ئەگەر دەستبەرداری حزبە سیاسییەکان بین، ئایا کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی چارەسەر دەبن و پرۆسەی دیموکراتی سەرکەوتوو دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی هەموو بیرمەندان و پسپۆرانی بواری سیاسەت و سیاسەتمەدارانی جیهانی سەرقاڵکردووە، ناچاری کردوون کە پەنا بۆ زۆر شێواز بەرن، بۆ ئەوەی بەدیلی حزبی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بدۆزنەوە، زیاتر پشتگیری دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەن، هەروەك چۆن لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕێکخراو و ئاژانسە غەیرە حکومیە(NGOs) جیهانییەکان، پشتیان لەحزبە سیاسییەکان کردوو و دەستی هاوکاری و پشتگیریان بۆ ڕێکخراوەکانی

**هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دیکە ناتوانێت جێگەی حزبە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بگرێتەوە**

کۆمەڵگەی مەدەنی درێژ کرد، ئەمەش بەو هیوایە بوو کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانێت جێگەی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە، بەڵام وەك ئیڤان دوهرتی ئەمینداری گشتی پێشووی حزبی سلتینی ئیرلەندی و بەڕێوبەری ئێستای پرۆگرامی حزبە سیاسییەکان لەئامۆژگای (NDI) ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر بەپێی بۆچوونەکانی ماکس ڤێبەر حزبی سیاسیی منداڵە نازدارەکەی دیموکراتی بێت، ئەوا ئێستا دیموکراتی منداڵێکی نازدارتری بەرهەم هێناوە کە ئەویش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی-یە، بەڵام نەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵکو هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دیکە ناتوانێت جێگەی حزبە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بگرێتەوە، هەربۆیە ئێستا زانایان و پسپۆرانی سیاسەت و سەنتەرەکانی پەرەپێدانی دیموکراتی لەجیهاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر هاوشانی بایەخدان و پشتگیری بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پشتگیری حزبە سیاسییەکان نەکرێت، ئەوا هاوسەنگی هاوکێشە سیاسییەکە تێکدەچێت و، پشتگوێ خستنی حزبە سیاسییەکان لەسەرەنجامدا دەبێتە هۆکاری نەمانی دیموکراتی، ئەمەش دەرگا لەبەردەمی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان دەکاتەوە کە دامەزراوەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی هاوسەنگی هێزی تایبەت و سەروەریی یاسا پشتگوێ بخەن. ئەم مەترسیانە بیروبۆچوونێکی دیکەی هێناوەتە ئاراوە بەوەی لەبری ئەوەی حزبە سیاسییەکان وەك بەشێك لەکێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی سەیر بکرێن، باشترە وەك بەشێك لەچارەسەری کێشەکان سەیر بکرێن و هەوڵبدرێت حزبە سیاسییەکان ئەو زەمینەیە فەراهەم بکەن، کە دەتوانرێت سیاسەتی نەرم و دانوستاندنی تێدا

**ئەرکی سەرەکی حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەیە بتوانن نوێنەرایەتی خواست و داواکانی خەڵك بکەن. هەربۆیە کاتێك خواست و داوای خەڵك پێویستی بەوە بێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بکرێت. ئەوا حزبی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی لەدایك دەبێت**



ئەنجامبدرێت و حزبە سیاسییەكان لەسەر ئەو زەمینەیە ڕێكبكەون، ئەمەش لەبری ئەوەی ببنە هۆكاری دابەشبوونی كۆمەڵگە، دەبنە هۆكاری یەكگرتوویی كۆمەڵگە و پاراستنی یەكڕیزی و یەكگرتوویی كۆمەڵگە، كەواتە

**حزبە سیاسییەكان یاریزانی سەرەكی و یەكلاكەرەوەی سیستەمی دیموكراتی نوێنەرایەتین و هەوڵدەدەن سیاسەتی بەدیل بەرهەم بهێنن بۆ ئەوەی وەك ڕێگەچارەی بەدیل پێشكەشی دەنگدەرانیان بكەن**

لێرەوە دەكرێت حزبە سیاسییەكان وەك سەرچاوەی چارەسەری كێشەكانی كۆمەڵگە و یەكگرتوویی و یەكڕیزی كۆمەڵگە سەیر بكەین، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن دەتوانرێت حزب وەك دامەزراوەیەكی سیاسی لەكۆمەڵگەدا لەبەشێك لەكێشەكانی كۆمەڵگەوە بگۆڕدرێت بۆ بەشێك لەچارەسەری كێشەكانی كۆمەڵگە؟

### حزبی سیاسی بەرهەمی پێداویستیەكانی كۆمەڵگەن


لەسیستەمی دیموكراتی نوێنەرایەتیدا، ئەركی سەرەكی حزبە سیاسییەكان و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە بتوانن نوێنەرایەتی خواست و داواكانی خەڵك بكەن، هەربۆیە كاتێك خواست و داوای خەڵك پێویستی بەوە بێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بكرێت، ئەوا حزبی سیاسیی لەكۆمەڵگەی دیموكراتی لەدایك دەبێت، سەبارەت بەم

لایەنە پرۆفیسۆر دیڤید برۆدەر ستوونووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست، سەبارەت بەحزبی سیاسیی لەئەمریكا دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی لەدەستووری ئەمەركیدا باسی بوونی حزب نەكراوە و هەروەها لەگەڵ ئەوەی جۆرج واشنتۆن حزبی سیاسیی بەگەورەترین دوژمنی كۆمەڵگەی ئەمریكی لەقەڵەمداوە، بەڵام پیادەكردنی دیموكراتی نوێنەرایەتی و ڕێكخستنی خواست و داوایەكانی خەڵك بووە ئەو پێویستیەی كە حزبی سیاسیی لەدایك بێت، سەبارەت بەگرنگی ڕۆڵی حزبە سیاسییەكانیش بۆ سیستمی دیموكراتی، پرۆفیسۆر سۆزان سكارۆ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی هۆستن و تایبەتمەند و تۆژەر لەسەر پارتە سیاسییەكان و دیموكراتیە پەرلەمانیەكانی دەوڵەتانی ئەوروپا، لەتوێژینەوەیەكیدا بەناونیشانی پارتە سیاسییەكان و دیموكراتی لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراكتیكی) دەڵێت: (حزبە سیاسییەكان یاریزانی سەرەكی و یەكلاكەرەوەی سیستمی دیموكراتی نوێنەرایەتین، حزبەكان هاریكار و یاریدەدەرن بۆ داڕشتنەوەی خواست و دواكاری و ئامانجی تاك و گرووپەكان و

**حزبەكان ڕۆڵێكی هێندە گەورەیان هەیە كە لەڕۆڵی هەر دامەزراوەیەكی دیكەی نێو سیستمەكە بەهێزترە**

تەبەنی كردنی ئەو خواست و داوایانە دەكات وەك بەرنامەیەكی سیاسیی بۆ ئەوەی سەركردایەتی بكات و چاودێری پەرەپێدانی بكات، هەروەها حزب هەوڵدەدات سیاسەتی بەدیل بەرهەم بهێنیت و پشتگیری ئەو سیاسەتە بەدیلەدەكات، بۆ ئەوەی وەك ڕێگەچارەی بەدیل پێشكەشی دەنگدەرانی بكات، لەسەر ئاستی پەرلەمانیش یەكگرتوویی فراكسیۆنی حزبی دەبێتە هۆكارێك بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی چالاك، هەروەها حزب دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی سەركردەكانی سەر بەهەمان حزب، بەرپرسیاریەتی بەرامبەر دەنگدەران لەئەستۆی خۆیان بگرن، ڕاشكاوانەتر حزب ڕێگە چارەی گونجاو بۆ دەنگدەرانیان

مسۆگەر دەکات)). ئەوەی پرۆفیسۆر سکارۆ لەباسەکەی وەك پێناسەیەك بۆ ڕۆڵی حزب لەدیموکراتی خستوویتە ڕوو، ئەوەمان پێدەڵێت حزبەکان ڕۆڵێکی هێندە گەورەیان هەیە کە لەرۆڵی هەر دامەزراوەیەکی دیکەی نێو سیستمەکە بەهێزترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە سیاسییەکان کاتێك بەشداری هەڵبژاردن دەکەن هەموو هەوڵیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ببنەوە و چاویان لەوەیە حکومڕانی بگرنە دەست، بۆیە بەردەوام حزبەکان لەهەوڵی ئەوەدان پێشنیاری سیاسەتی گشتی بەدیل بخەنە ڕوو و چوارچێوەی ئەو سیاسەتە بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا دەکەن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لەمیانەی پاڵێوراو پرۆگرامەکانیانەوە سەیری سیستمی حکومڕانی لەوڵاتدا بکەن، بەڵام سەرەنجامی ئەم ڕۆڵەی حزب بۆ نوێنەرایەتیکردنی خواستی خەڵك دەیگێڕیت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی دامەزراوە نیشتمانیەکان پتەو بکات و سیستمی دامەزراوەیی بەهێز بێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر قسە لەسەر ئەوەبێت کە بوار هەیە حزبی سیاسیی بەبێ بوونی دیموکراتی لەکۆمەڵگە بوونی هەبێت، ئەوا بواری ئەوە نابێت بێ بوونی حزبی سیاسی دیموکراتی لەکۆمەڵگە پیادەبکرێت. سەبارەت بەم لایەنە و گرنگی حزبی سیاسیی وەك پێداویستیەکی کۆمەڵگە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مێچیل ئۆرستاین ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆ جۆنس هۆپکین و تۆژەر و تایبەتمەند لەسەر مافی هاووڵاتیبوون و سیستمی نوینەرایەتی لەئەوروپا، سەبارەت بەوەی تاچەند خەڵك لەکۆمەڵگەی دیموکراتی دەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ڕاستە لەدیموکراسیدا خەڵکی دەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن، کە هەندێ ئیستیسناش هەیە، بەڵام تا ڕادەیەکی گەورە بەو شێوەیە دەنگ دەدەن. بەدڵنیاییەوە لایەنێکی دیکە بریتییە لەکاریگەری نێودەوڵەتی، کە دەکرێت خەڵك و سیاسییەکان بکەونە ژێر کاریگەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کارە نێودەوڵەتیەکانی وڵاتانی دیکەوە، واتە دەکرێت کاریگەریان هەبێت لەسەر گۆڕینی چۆنیەتی تێڕوانینی خەڵك بۆ بەرژەوەندیەکانیان. هەربۆیە پێویستە



کریزیستۆف جاسویز بۆ گولان:

## ڕەگداکوتانی دیموکراسی کاتی دەوێت، پیۆیستمان بەکاتە بۆ ئەوەی پارتەکان بەرپرسیاربن و پتر بەدەم پێداویستیەکانی خەڵکەوە بچن

لەبنەڕەتدا پارتەکان هەڵبستن بەکۆکردنەوەی زۆرێك لەبەرژەوەندیە جیاوازەکان، کەواتە پارتەکان وەك گرووپگەلێك لەو خەڵکانەی کە خاوەنی بەرژەوەندی جیاوازن دەردەکەون. هەوڵدەدەن بەچەندین شێوە ئەوە چارەسەر بکەن، بەڵام هەوڵدەدەن پێکەوە بەرنامەی پارتەکە دابنێن کە پێیانوایە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی گرووپەکەیان دەکات، هەندێ جار ئەو بەرنامەیە ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە، بەڵام هەوڵدەدەن بەو شێوەیە ڕەواج بۆ سیاسەتەکەیان پەیدا بکەن کە سوودبەخشە بۆ هەندێ گرووپی دیاریکراو و کۆنفرانسەکان بەکار دەهێنن بۆ خۆڕێکخستن و ڕێککەوتن لەسەر ئەو بەرنامەیە کە پێویستە پارتەکە پیادەی بکات. ئەمە تارادەیەك لەدیموکراتیە نوێیەکاندا جیاوازە، لەزۆرێك لەدیموکراسیە نوێیەکاندا لەگەڵ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بەباشی بەرەوپێشنەچوونە، بەڵام دیسان زۆربەی زانا سیاسییەکان پێت دەڵێن بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگە بۆ دیموکراسی. بەڵام بەلای خەڵکی ئاساییەوە ڕەنگە مایەی مشت و مڕ بێت و ڕەنگە بەگشتی بەپارتە سیاسییەکان خۆشحاڵ نەبن، یاخود لەئاست هەندێ پارتی دیاریکراودا خۆشحاڵ نەبن. کەواتە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینین، سیاسییەکان دەپاڵێون و پەرە بەبەرنامە دەدەن، بەڵام ئەم ڕۆڵەیان بەزۆری نابێتە جێی تەقدیر و نرخاندنی خەڵکە ئاساییەکە. کەواتە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان مەترسی بوونی تاکە ڕێکخراوێك یان سوپا دروست دەبێت (کە باڵادەست بن)، کەواتە بوونی پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگە بۆ دیموکراسی. لەڕاستیدا چەندین جۆری پارتە سیاسییەکان هەن، ئەو پارتە سیاسییانە هەن کە خاوەنی بەرنامە و ئایدیان و نوێنەرایەتی ئایدیا دەکەن، هەروەها ئەو پارتانەش هەن کە لەسەر ئەساسی پێدانی ئیمتیاز پشتیوانی خەڵك بەدەست دەهێنن. هەروەها ئەو پارتانەش هەن کە ئەندامێکی زۆریان نییە و سەرکردەگەلێکی کەمیان هەیە کە هەوڵدەدەن پشتیوانی گرووپێکی بەربڵاو بەدەست بهێنن. کەواتە لەبنەڕەتدا خەڵك باوەڕی وایە تاوەکو زیاتر سیستمی حزبایەتی بەدامەزراوەیی بکرێت و تاوەکو زیاتر نوێنەرایەتی بەرنامەیەکی یان سیاسەتێکی دیاری کراو بکەن، ئەوا دیموکراسیەکە زیاتر سەقامگیر دەبێت)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەو قسەیەی کە دەڵێت لەکۆمەڵگەی دیموکراتی هەموو سیاسەتێك لۆکاڵە و پێویستە حزبە سیاسییەکان لەسیاسەتی لۆکاڵ گرێبدەنەوە بەسیاسەتی گشتی دەوڵەتەوە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دیڤید جۆلیان سامۆیل ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی مینۆسۆتا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر وڵاتانی ئەمریکای لاتینی کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دەستەواژەی ئەوەی هەموو سیاسەتێك سیاسەتێکی مەحەلیە، هی تیب ئۆنیل سەرۆکی کۆچکردووی ئەنجوومەنی نوینەرانی ئەمریکایە، تیب ئۆنیل لەم قسەیە مەبەستی ئەوەبوو کە سیاسییە نیشتمانیەکان، ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بایەخ بەسیاسەتی نیشتمانی و هەروەها

سیاسەتی مەحەلی بدەن، ناتوانن ئەوە پشتگوێ بخەن کە لەدەوربەر و دراوسێکان و شار و شارۆچکەکانیاندا ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم کارە نەکەن، ئەوا کارەکانیان لەدەست دەدەن. کەواتە ئەو گوزارشتی لەکێشەیەکی گرنگ کردووە کە هەموو پارتەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە بریتییە لەوەی هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بەرژەوەندی خۆی هەیە و سەرەتا ئەو بەرژەوەندیە لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی کارێك بکرێت و ئامانجێك بەدەست بهێنرێت، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی نیشتمانی پێکەوە کاربکەن و بەشێوەیەك لەشێوەکان بگەنە چارەسەری مامناوەند. ئەمەش تەحەددیەکی ڕاستەقینەیە کە ئێمە لەئەمریکا کە جەمسەرگیریەکی زۆر لەنێوان دوو پارتەکەدا هەیە، پێمۆایە لای ئێوەش لەکوردستان و عێراق ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەبەر ئەوەی دژایەتیەکی زۆر و جەمسەرگیریەکی زۆر هەیە، دەبێت بەسەریدا زاڵبن بۆ ئەوەی ئاشتی بەدەست بهێنن و حکومەتێکی ئاشتیانە پێکبهێنن. ئەمەش تەحدییەکی گەورەیە لەبەردەم حزبە سیاسییەکان، لەڕاستیدا دەبێت هەم توانای دابینکردنی پێداویستیەکانیان بۆ خەڵك هەبێت، پێداویستی ڕۆژانە، وەك کۆکردنەوەی زبڵ، دابینکردنی ئاوی پاك، ئاوڕۆ و کارەبا، هەروەها دەبێت تێڕوانینێکی گەورەتر هەبێت بۆ ئایندەی وڵاتەکە. ئێمە لەئەمریکا دەمانەوێت بزانین ئایا دەتوانن کورتهێنانی بودجە کەم بکەینەوە، ئایا دەتوانن ئاستی قوتابخانەکان بەهێز بکەن، ئایا دەتوانن ڕووبەڕووی تەحەددیەکانی پەیوەست بەکاروبارەکانی دەرەوە ببنەوە، ئەویش لەپێناو منداڵەکانمان و منداڵی منداڵەکانمان، کە ئەوە شتێکە ئێمە بیری لێناکەینەوە ئەگەر کارەبا نەبێت، ئەگەر ئاو نەبێت، هەرچیەك بێت، ئەگەر کارەبا بڕان بێت یان شتێك ڕوویدات. ئێمە دەمانەوێت هەر ئێستا حکومەت کێشەکە چارەسەر بکات. سیاسییەکان ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە، دەبێت هەم کاری هەنوکەیی و هەم کاری ئایندەش پێکەوە گرێبدەن. من نازانم چۆن ئەو کارە دەکەن و هەر بۆیە منیش سیاسی نیم))..

**گوێگرتن لەخواست و داواکارییەکانی خەڵك**

کێشەی سەرەکی حزبە سیاسییەکان



دیڤید جولیان ساموێل بۆ گوڵان:

## سیاسییەکان ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە دەبێت هەم کاری هەنووکەیی و هەم کاری ئاییندەش پێکەوە گرێبدەن

لەقۆناخی دەسپێکی دیموکراتی کێشەی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان خواستی خەڵك و بەرنامەی حزبەکان و ئاستی بەشداری خەڵك لەپرۆسەی سیاسی و متمانەی خەڵکە بەپارتە سیاسییەکان، پسپۆڕان و بیرمەندانی بواری سیاسەت کێشەی کەمبوونەوەی متمانەی هاووڵاتیان بەحزبە سیاسییەکان بەکێشەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی دیموکراتی گرێدەدەنەوە، هۆکارەش دەبەستنەوە بەوەی کە ئەو حزبە سیاسیانەی هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە و حکومڕانی دەگرنە دەست، لەئاستی ئەو متمانەیە نابن کە خەڵکی دەنگی پێداون، هەربۆیە لای خەڵك نارەزایی دروست دەبێت و خەڵك بەدوای بەدیلی دیکە دەگەڕێت، ئەم لایەنە ئەگەر سیمای دیموکراتی ڕۆژئاوا بێت، ئەوا لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هێشتا ئەم سیمایە بوونی نییە و حزبە سیاسییەکان لەچوارچێوەی بیروبۆچوونی خۆیانەوە بەرنامەی سیاسی خۆیان دادەڕێژن و هەوڵدەدەن بەبەڵێندانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەنگ کۆبکەنەوە، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی خەڵك چاوەڕێی ئەوە لەحزب بکات کە نوێنەرایەتی خواست و داوای تاکەکان بکات، تاکەکان چاوەڕێی ئەوە دەبن لەمیانەی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی حزبەکان ڕایانگەیاندووە خواستەکانی ئەوانیش بێتە دی، ئەمەش بەدیوێکدا پێوەندی نێوان خەڵك و حزب دەگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ، ئەم لایەنە وەك پرۆفیسۆر کریزیستۆف جاسیویز ئوستادی سۆسیۆلۆژی ئەنترۆبۆلۆژی لەزانکۆی واشنتۆن لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاماژەی پێکرد، کە ئەم کێشەیە، کێشەی سەرجەم زانایانی سیاسەت و ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە پرۆسەی دیموکراتی تێیدا بونیاد دەنرێت، لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (لەڕاستیدا ئەوە پرسیاری سەرەکی هەموو زانستە سیاسییەکانە، مەسەلەکە ئەوەیە پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بەکۆکردنەوە و گوزارشتکردن لەبەرژەوەندی گروپەکان. بەدڵنیاییەوە ئێمە هەموومان بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەدەین، بەڵام هەندێ جار بەرژەوەندییەکانی ئێمە هاوشێوەی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکەیە، بۆ نموونە قوتابخانەیەك دەکرێتەوە، کە هەموومان منداڵەکانمان دەنێرین بۆ ئەو قوتابخانەیە، کەواتە ئێمە هەموومان دەمانەوێت قوتابخانەیەکی جوان و نوێ بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە بکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە ئەو بەرژەوەندیانە کۆبکەنەوە و گوزارشتیان لێبکەن لەڕێی بەرنامەی هەڵبژاردن و پشتیوانیکردن لەسیاسەتێکی دیاریکراو و بەو شێوەیە، کەواتە کارەکە بەو شێوەیە دەڕوات و هیچ دژیەکییەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و ئەرکی پارتە سیاسییەکان نییە. بەڵام خەڵکی، پارتە سیاسییەکان گرێدەدەنەوە بەسیستمی حزبایەتی، ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە لەزۆرێك لەدیموکراسیەکاندا، لەهەموو دیموکراسییەکان و لەدیموکراسیە نوێیەکانیشدا. هەروەها دەبێت خەڵك لەو ڕاستیە تێبگەن ڕێگەیەکی باشتر نییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانیان

بێجگە لەحزبە سیاسییەکان، لەبەر ئەوە لەسەروەختی هەڵبژاردنەکان خەڵکی دەڵێن ئێمە دەنگ بەو پارتە دەدەین لەبەر ئەوەی نزیکە لەبەرژەوەندیەکانی ئێمەوە، دەنگ بەو پارتە دەدەین کە نائومێدی نەکردووین، کەواتە ئەمە هەقیقەتە. لەڕووی مێژووییەوە هەوڵ هەبووە بۆ بونیادنانی سیستمێك کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگی تێدا نەبینن، بەڵام ئەو سیستمانە سیستمی دیموکراتی نین، درەنگ یان زوو لەوە دەکەون بتوانن نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵك بکەن، ڕەنگە ئێمە حەز بەبوونی پارتە سیاسییەکان نەکەین، بەڵام بوونیان پێویستە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەو کارە بکەین؟ بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت دوو هۆکار لەبەرچاوبگرین. یەکەمیان دەبێت خودی سیستمە سیاسییەکە شەفاف بێت، واتە ڕوون و زانراو بێت بۆ خەڵك، بزانن هەڵوێستی پارتەکان چین، ڕێساکانی هەڵبژاردن چین و سیستمەکە چۆن هەڵدەسوڕێت، بەم شێوەیە دەتوانین ڕێ لەگەندەڵی بگرین کە کێشەی سەرەکیە لەپارتە سیاسییەکاندا، نەك تەنیا لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەڵکو لەوڵاتە گەشەکردووەکانیشدا. هۆکاری دووەم ئەوەیە دەبێت ئەو کەسانەی دەچنە ناو پارتە سیاسییەکان زۆر چالاك بن و پەرە بەئەجێنداکانی خۆیان بدەن لەناو پارتەکەدا و ئەوەندەی مومکینە لەنزیکەوە کۆنترۆڵی سەرکرایەتیەکەیان بکەن، بەم شێوەیە پارتەکان بەباشی کار دەکەن. من ناڵێم هەمیشە پارتەکان بەباشی کار دەکەن لەبەر ئەوەی چەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی نارەزایی لەبارەی پارتەکانەوە دەربڕین، ئەوەی من دەڵێم ئەوەیە هەموو بەدیلەکان خراپتر دەبن. ئەگەر حکومەت هەوڵیدا بێ پارتە سیاسییەکان و بێ هەڵبژاردن حکومڕانی بکات، ئەوا ئەوە دیموکراسی نییە)).

کەواتە ئەوەی زانایانی سیاسەت وەك تەحددیەك لەسەری هەڵوەستە دەکەن، پێداویستی حزبەو لەهەمانکاتدا کەمتەرخەمی حزبە لەنوێنەرایەتیکردنی خواستەکانی خەڵك، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا تەنیا حزبەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەم کێشەیان هەیە، یان ئەمە لەدیموکراتیە گەشەکردووەکانیشدا بوونی هەیە؟ ئەم پرسیارەمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر گریگۆر پۆپ ئیلیچ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی پرینستۆن و تۆژەر لەئامۆژگای بەناوبانگی وۆردۆ ولسن کرد و بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (من پێموایە گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان سەبارەت بەوەی حزبەکان گوێ بۆ خواست و داواکانیان ناگرن، کێشەی هەموو کۆمەڵگە دیموکراتیەکانە بەکۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوو و کۆمەڵگە گەشەکردووەکانیشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆربەی هاووڵاتیان لەوڵاتانی دیموکراسیی ڕۆژئاوا گلەیی ئەوەیان هەیە کە پارتە سیاسییەکان گوێ لەدەنگدەرەکانیان ناگرن، بۆنموونە گەر سەیرێکی قەیرانەکەی (قەیرانی ئابووری) ئەمڕۆی ئەورووپا بکەین، دەبینین زۆربەی هاووڵاتیانی ئەورووپا دەڵێن پارتە سیاسییەکان گوێمان لێ ناگرن ...و تاد. هەربۆیە دەبینین پرۆتستۆ ڕێك دەخرێت لەوڵاتانێکی وەك «یۆنان»



گریگۆر ئیلیچ بۆ گوڵان:

**زۆربەی هاووڵاتیانی ئەورووپا دەڵێن پارتە سیاسییەکان گوێمان لێ ناگرن لەهەمان کاتدا چەندین وڵاتی تازەپێگەیشتوو هەن کە پارتە سیاسییەکان گوێ لەدەنگی هاووڵاتیان دەگرن**

و «ئیسپانیا» ...و تاد. لەهەمان کاتیشدا چەندین لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەن کە تیایاندا پارتە سیاسییەکان گوێ لەدەنگی هاووڵاتیان دەگرن، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەئاکامدا پەیوەستە بەئاستی بەشداربوون و گوشاری هاووڵاتیان لەسەر دەستەبژێرەکان، ئەوەی لەسەر پارتە سیاسییەکان پێویستە ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی خۆیان دیموکراسی بن، یەکێك لەڕێگەچارەکان بۆ وەدیهێنانی ئەمە بریتییە لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی بەرێگەی ململانیی ئازاد لەناو پارتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی وڵات، بەشێوەیەك کە لەبری ئەوەی سەرکردایەتیی پارت بڕیاربدات کێ هەڵبژێردرێت باشتر وایە هاووڵاتیان بڕیاربدەن کێ باشە بکرێت بەکاندیدیان، بەڵام ئەگەر حزب کاندیدەکان دەست نیشان بکات، هەتا ئەگەر هەڵبژاردنەکان ئازادیش بن و هاووڵاتیان ئازادانە دەنگ بدەن، بەڵام هێشتا هەر بوارێکی زۆر کەمیان دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان کە نوێنەرایەتییان بکات، لەبەرئەوەی کاندیدەکان بەگشتی کەسانێکن کە لەلایەن گرووپێکی بچووکەوە دەستنیشان کراون، هەربۆیە وەدیهێنانی دیموکراسییەتی ناوخۆیی لەناو پارتە سیاسییەکان شتێکی زۆر گرنگە، هەڵبەتە کێشەکە لەوەدایە کە لەپێناو وەدیهێنانی ئەم شتە ئەوە پێویستە بەشداریی زیاتر لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و تاکەکان بایەخ بەسیاسەت نەدەن و لەهەڵبژاردنەکان دەنگ نەدەن یانیش چوار ساڵ جارێك تەنیا بڕۆن دەنگ بدەن و پاشان هیچ نەکەن و ڕۆڵیان نەبێت ئەوە ئەوکات نە ئێوە دەنگتان دەبێت و نەیش دەستەبژێری سیاسی گوێتان لێ دەگرن)).

سەبارەت بەکەمبوونەوەی متمانە بەحزبە سیاسییەکان، یان داشکانی ڕێژەی بەئەندامبوون لەنێو حزبەکاندا، ئایا تاچەند ئەمە کاریگەری لەسەر حزب دەبێت؟ پرۆفیسۆر کریزیستۆف جاسویز لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن: (ڕیشەدانانی دیموکراسی کاتی دەوێت، هەروەها پێویستمان بەکاتە بۆ ئەوەی پارتەکان بەرپرسیاربن لەبەرامبەر ئەو کارانەی دەیکەن و بۆ ئەوەی پتر بەدەم پێداویستیەکانی خەڵکەوە بچن. هیچ دیموکراسیەك بێ کەموکوڕی نەبووە لەو

ڕۆژدا کە بونیادنراوە، بەڵکو پرۆسەیەکی دووردرێژ و هەندێ جار ئازاربەخشیشە، بەڵام هەر دەبێت بەم جۆرە بکرێت. دەبێت دامەزراوە دیموکراتیەکان بونیاد بنرێن و خەڵکی بەرگریان لێبکەن. بەڵام سەبارەت بەپرسیارەکەی ئێوە، ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە و زۆر زەحمەتە بتوانین وەڵامێکی کورتی بدەینەوە، لەبەر ئەوەی چەند فاکتەرێك هەن لەم مەسەلەیەدا. لەلایەك لەوڵاتە گەشەکردووەکاندا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت و خەڵك ناچار نییە ئینیتمای بۆ پارتێك هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت ئەو پارتە نوێنەرایەتی چی دەکات، بۆ ئەوەی دەنگ بۆ ئەو پارتە بدات کە بەڕاستی دەزانێت. هەروەها لەئێستادا پارتەکانیش بایەخێکی کەم بەو تەجنیتکردنەی ئەندامی نوێ دەدەن. پتر گرنگی بەئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەدەن بەهۆی بەکارهێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و..تاد، ئەمە چەند هۆکارێکە. هۆکارەکانی دیکە بریتین لەوەی تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە دیموکراسی بەباشی بەڕێوەدەچێت خەڵکی بایەخ بەسیاسەت نادەن و بەئاسانی خۆیان بۆ هەڵمەتە سیاسییەکان ساز نادەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی دەڵێن ئەگەر شتەکان بەباشی بەڕێوەدەچن، یاخود کەم تا زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن، بۆچی گرنگی پێبدەم و بۆچی بچمە ناو حزبێکەوە بۆچی بچمە کۆبوونەوەکان و بۆچی ئابوونە بدەم، لەوڵاتێکی وەك ئەمریکا تەنیا نیوەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە بەشداری لەهەڵبژاردنەکان دەکەن، ڕەنگە ئەمە خەمساردی بێت و ڕەنگە هۆکارەکە ئەوەبێت کە زۆر گرنگ نییە بەلایانەوە. لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، لەبەر ئەوەی مەترسیەکی زۆر هەیە لەبارەی ئەو ئاڕاستەی وڵاتەکە دیگرێتەبەر، ئەوا ئاسانترە بۆ پارتە سیاسییەکان و بۆ سەرکردەکان بۆ ئەوەی داوا لەخەڵك بکەن بچنە ناو ئەو حزبانە و بەشداری لەپرۆسەکەدا بکەن. من پێمواپە ئەمانە هەل و مەرجی زۆر جیاوازن کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێوە باسی دەکەن)).

### پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان بۆ حزبە سیاسییەکان


ئەگەر حزبی سیاسیی هەتا ئەو ئاستە بۆ دیموکراتی گرنگ بێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی زۆر جار دەنگێك لەلایەن گروپێکەوە بۆ نەمانی حزبی سیاسیی لەکۆمەڵگە دروست دەبێت؟ لەکاتێکدا ئەو دەنگانەشی دژی حزبە سیاسییەکان دروست دەبن دەیانەوێت بەڕێگەی هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدان بگەنە دەسەڵات و حکومڕانی وڵات بەڕێوەبەرن؟ ئایا تاچەند ئەو بیروبۆچوونانە زیان لەبونیادی دیموکراسی دەدەن؟ سەبارەت بەم پرسیارانە پسپۆران لەو خاڵەوە پرسیار دەکەن، ئایا چ جۆرە دیموکراتیەکمان مەبەستە بونیادی بنێین؟ ئەگەر دیموکراتی نوێنەرایەتی بێت کە لەسەر ئاستی سیاسی دەستوورێکی مەدەنی زامنی لیبرالیزم بکات و لەسەر ئاستی ئابووری، بازاڕ هاوسەنگی ئابووری ڕێکبخات، ئەوا لەم مۆدیلەی دیموکراتی کە پێی دەگوترێت دیموکراتی لیبراڵی یان دیموکراتی نوێنەرایەتی،



مێچیل ئۆرستاین بۆ گوڵان:

**لەدیموکراسیدا خەڵکی دەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن پێویستە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بکەن**

ئەگەر حزبی سیاسیش بوونی نەبێت، ئەوا پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە حزب وەك پێداویستیەك بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەگەر ئامانج لەبونیادی دیموکراتی تەنیا دیموکراتی سندوقی دەنگدان بێت و ئامانج ئەوە بێت خەڵك تەنیا دەنگ بەتاکە شەخس بدات نەك دامەزراوە سیاسییەکان، ئەوا ئەو مۆدیلەی دیموکراتی بەرهەم دێت کە ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ڕوسیا و کۆمەڵێك کۆماری سۆڤیەتی پێشان بوونی هەیە، ئەوجا بۆ ئەوەی ڕێگە لەسەرهەڵدانی مۆدیلی دیموکراتی ئەمریکای لاتینی و ڕوسیا و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بگیرێت، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٨ لەبرۆکسل ڕێکخراوەکانی پشتگیری دیموکراتی لەجیهاندا چەند پێوەرێکیان بۆ حزبەکان دەستنیشانکردووە، ناویان لێناوە(پێوەرە جیهانییەکان بۆ کاری حزب لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا) ئەم پێوەرانە ئەم لایەنانە لەخۆی دەگرێت کە پێویستە هەموو حزبێك کە ئامانجی بونیادی دیموکراتی بێت لەکاتی کارکردنیدا ڕەچاوی بکات کە بریتین لە: (١-ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ،٢-ڕێزگرتن لەپرانسیپی شەرعیەتی هەڵبژاردن وەك بنەمایەك بۆ حکومڕانی، ٣- ڕێزگرتن لەفرەلایەنی و پرانسیپی ململانێی ئازاد، ٤- پابەندبوون بەنەهێشتنی توندوتیژی، ٥- بڵاوکردنەوەی پرانسیپ و سیاسەتی پێشنیارکراو دەسکەوتەکان، ٥- هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لەژیانی سیاسیدا، ٦- پیادەکردنی حکومڕانی بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە،٧- پابەندبوون بەڕێوشوێنی پرۆسەی هەڵبژاردن،٨- ڕێکخستنی حزب بەجۆرێك بێت لەگەڵ ئەو پرانسیپانە پێچەوانە نەبێتەوە، ٩- وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی گەندەڵی سیاسی...) ئەمانە ئەو مەرجە سەرەکیانەن کە پێویستە حزبی سیاسیی ڕەچاوی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بەرەو پێشەوە بچێت، بەڵام کاتێك بیروبۆچوونێك بەبێ ئەوەی خۆی ئەو پرانسیپانە لەبەر چاوبگرێت، ڕاستەوخۆ هەموو ڕۆڵی حزب لەکۆمەڵگە دەسڕێتەوە، ئەوا لەبری ئەوەی بیروبۆچوونەکە خزمەتی دیموکراتی بکات، گوڕزێکی گەورە لەدیموکراتی دەدات و ئەزموونێکی فاشیلی دیموکراتی دووبارە دەکاتەوە.






# هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەم پێویستە کوردستان ببێتە دەوڵەت

پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ.. تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

**پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ ئوستادی یاسایە لە زانکۆی نۆرس ویسترن لە شیکاگۆ، یەکێکە لەو دادوەرانەی کە دادگایی سلبۆدان میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی یوگسلافیای لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کردووەو هەروەها راوێژکاری یاسایی کۆسۆڤۆ بووە بۆ دامەزراندنی بنەما یاساییەکانی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ، پرۆفیسۆر دۆماتۆ لە لەمانگی ئابی ٢٠٠٨ وتارێکی لە گۆڤاری (JURIST) بە ناونیشانی (ئایا کوردتان لە بیرکردووە؟- Are We Forgetting the Kurds?) بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق زیانی بۆ کوردەکانی عێراق دەبێت، بۆیە ئەرکی ئەخلاقی ئەمریکایە کە پێش ئەوەی بکشێتەوە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنیت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە کاتی خۆی دیمانەمان لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ داماتۆ کرد**

شەرەفمەندم کە لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بیروبۆچوونەکانی خۆم لەبارەی کوردستانەوە دەخەمەڕوو و درێژە بە ستوونەکانی پێشووم دەدەن. من هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەم کە پێویستە کوردستان ببێتە دەوڵەت. ئەو کاتە سنوورەکانی پێشێل ناکرێت، کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوونی دەوڵەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، جاڕدانی دەوڵەت یاخود داوای بوونە دەوڵەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵەیە. لەبەر ئەوەی ئەمە وەك یاخیبوون دەردەکەوێت و ڕەنگە کاردانەوەی حکومەتی عێراق ڕەوانەکردنی سوپا بێت. بۆی هەیە ئەمە ببێتەهۆی لە ناوبردنی هەر شێوە خۆحکومڕانی کردنێك لەلایەن کوردەکانەوە. لەبری ئەوە، پێویستە کوردەکان هۆشیار بن بە مۆدێلەکانی دیکەی بە دەوڵەت بوون.

تایوان نزیکترین مۆدێلە. تایوان بەردەوام بەرپرسی باڵیۆزئاسا بۆ وڵاتانی دیکە دەنێرێت بێ ئەوەی بە باڵیۆز ناویان ببات. لە یاسای نێودەوڵەتیدا، گرنگترین پێوەری بە دەوڵەت بوون ژمارەی ئەو «شاندانەیە-بعثات»یە کە قەوارەکە هەیەتی. لە هەندێ حاڵەتدا، ئەگەر ژمارەی ئەو شاندانە زۆر بوون و لە وڵاتە گەورەکانیشدا بوونیان هەبوو، ئەوا بەو شاندانانە دەوترێت«باڵیۆز»و وەرچەرخانی بێدەنگیش بە ئاڕاستەی پێوەندی باڵیۆزئاسا لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا دەبێتەهۆی ئەوەی قەوارەکە بۆ دەوڵەت بگۆڕێت. نابێت لە هیچ کاتێکدا کوردستان جاڕی ئەوە بدات و ڕایبگەیەنێت، یاخود گوزارشت لە خواستی بە دەوڵەت بوون بکات، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەم جاڕدانە وا لە عێراق بکات سوپا بنێرێت بۆ «سەرکوت کردنی یاخیبوونێك کە سەریهەڵداوە»

ستراتیجیەتی دووەم بریتیە لە نموونەی مۆناکۆ، کە دەوڵەتێکی بچووکە و کەوتۆتەسەر کەنارەکانی


Are We Forgetting the Kurds?
JURIST Guest Columnist Anthony D'Amato of Northwestern University School of Law ... problems likely to be associated with an eventual US withdrawal from Iraq, the legal an... mostly concentrated in the north of the country, needs to be considered...

Now that President George Bush of the United States and President ... Obama and John McCain, have agreed upon a speedy withdrawal of ... most often heard), we may have on our hands a case of "with... security issues are forefronted while other issues, whi... be under control.

The main casualty of the rapid ... staying in Iraq a little ... know much of ...



**و ئەویش وەك ئەمجارە وەڵامی داینەوە و تەئكیدی لەسەر ئەوەكردەوە كە پێویستە ئێوە وەك كورد لەڕووی یاساییەوە بنەماكانـــی دەوڵەت تەواو بكەن، بۆ ئـــەوەی كاتێك دەوڵەت رادەگەیەنن كۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی رێز لە ئیرادەتان بگرێت، بۆ ئەم ژمارەیە جارێكی دیكە پەیوەندیمان بە پرۆفیســۆر داماتۆ كرد و ســەبارەت بە پرســی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا قســەمان لەگەڵدا كرد، بەڵام پرۆفیســۆر داماتۆ وای بە باش زانی كە بە چەند دیرێك و وەك وتاریكی كورت لە گوڵان بۆچوونەكانی خۆی وەك جارانی دیكە بڵاو بكاتەوە، بۆیە وێرای سوپاسمان بۆ پرۆفیسۆر داماتۆ ئەوا دەقی وتارەكەی بە كوردی لە گوڵان و بە ئینگلیزی لە سایتی گوڵان میدیا بڵاو دەكەینەوە، ئەمەش وتارەكەیەتی.**

فەڕەنسا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، مۆناكۆ دەســتی لە هەموو سیاسەتی دەرەكی خۆی بۆ فەڕەنسا هەڵگرتووە. ئەمەش گەورەترین نیگەرانی فەڕەنسا دەڕەوێنێتـــەوە- نیگەرانـــی ئـــەوەی مۆناكۆ فەڕەنسا ڕاكێشێتە شەڕێكی نەخـــوازراوەوە، بەهـــۆی گرتنەبەری سیاســـەتێكی دەرەكـــی كـــە مایەی هەڕەشەیەكی زۆر بێت. مۆدێلی سێیەم: بریتیە لە بەرزكردنەوەی داواكاری بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە كۆمەڵەی گشتیدا. لەم ڕووەوە فەلەستین سابقەیە.

لەوەش زیاتر، پێداگیری بكەن لەسەر پاراستنی مافی كەمینەی ئاشووری. چەند زیاتر كۆشش بكەن بە ئاڕاستەی پاراســـتنی ئەو گرووپانـــەی لە ئێوە بچوكترن، ئەوا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتـــر پارێزگاریتان لێـــدەكات. ڕای گشـــتی ئەمەریكا خۆشحاڵ نییە بە دەســـتێوەردان لە عێراقـــدا و جارێكی دیكە بوار بە«دووبـــارە گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتە» نادات. ئەگەر دووچاری هێرشی سەربازی بوونەوە، ڕاستەوخۆ داوای هاوكاری لە ناتۆ بكەن.

شەشەم، لە چینیەكانەوە ئەو دەرسە فێربن با هاووڵاتیەكانتان ببنە خاوەنی زێڕ. خواستی ئەوەتان هەبێت خەڵكی ئێوە دەوڵەمەندو خاوەن سەروەت بن، بەو شێوەیە بەرژەوەندیەكی گەورەیان دەبێت لە پاراستنی سەروەت و گەشەكردنی خودی دەوڵەتەكە. من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بە نیوە قیمەت زێڕ بە خەڵك بفرۆشـــن. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی داوایەكـــی زۆر لەســـەر كڕینی زێڕ هەبێت، كە دەكرێت ئـــەم داواكاریەش بەهـــۆی تەرخانكردنـــی بەشـــێك لە داهاتـــی نەوتەوە بـــۆ كڕینی زێڕ لە بازاڕدا پڕبكرێتەوە.

***

**بە هیوای خۆشبەختی**
**بۆ خەڵكی كوردستان**



*** ئێستا مەترسی ئەوە هەیە کشانەوەکەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، دۆخی ئەمنی عێراق خراپتر بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەلومەرجی عێراق ناسەقامگیر بوو تا چ رادەیەك دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ تیرۆریزم؟**

- من سەردانی عێراقم کردو لە بەغداو هەولێر بووم، بینیم کە دۆخی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا تەواو جیاوازە. لەوکاتەدا لە بەغدا تەنیا ٦سەعات کارەبا هەبوو لە ڕۆژێکدا، هەندێ لەهاووڵاتیانی عێراق نەیانئەتوانی ئاوی پاکی خواردنەوە بەدەست بهێنن، ڕێژەیەکی بەرزی بێکاری هەیەو گەندەڵییەکی بەربڵاو هەیە. لە ڕاستیدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا عێراق دووەم گەندەڵترین وڵاتی دنیایە، تەنیا سۆماڵ لە عێراق گەندەڵترەو هێشتا زۆربەی بڕگەکانی ڕێککەوتنی هەولێر کە حکومەتی هاوپەیمانێتی لێپێکهات جێبەجێنەکراون. کەواتە ئاشکرایە ڕێگایەکی دوور هەیە پێش ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکرێت دیموکراسیەك هەیە قابیلی ئەوەیە بکرێتە مۆدێل. من هەفتەی ڕابردوو لە برۆکسل چاوم بە بارزانی سەرۆکی کوردستان کەوت، پێی وتم کە هێشتا لەبەشەکانی دیکەی عێراق هەر ٦ سەعات کارەبا دابین دەکرێت،

## ستۆران ستیڤنسۆن
## سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ عێراق، بۆ گوڵان:

# کە چوومە بەغدا تەنها ٦ کاتژمێر کارەبا هەبوو، هاووڵاتی هەبوو نەیدەتوانی ئاوی خواردنەوەی پاکی دەست بکەوێت

## کوردستان بۆتە نەوایەک بۆ ئاوارەی بەشەکانی دیکەی عێراق کە لە دەست توندوتیژی و سەرکوتکاریی هەڵهاتوون


**ستۆران ستیڤنسۆن پەرلەمانتاری سکۆتلەندایە و لەساڵی ١٩٩٩ ەوە تائێستا نوێنەرایەتی سکۆتلەندا لەپەرلەمانی ئەوروپا دەکات، هەروەها لەناو پەرلەمانی ئەورووپاشدا سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپایە بۆ عیراق، بۆقسەکردن لەسەر تێروانینی شاندی یەکێتی ئەورپا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئاییندەی عێراق، بەتایبەتی کە سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا چەند مانگێك پێش ئێستا سەردانی بەغداو هەولێری کردووە، لەم چوارچێوەیەدا وەك گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن کرد، ئەمەش دەقی وەڵامەکانیەتی.**



لەو کاتەوەی من لەوێ بووم- کە مانگی نیسان بوو- تاوەکو ئێستا بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەدی نەهاتووە. کەواتە ڕوونە بارودۆخەکە بەو شێوەیەی بەڵێن بە من درا بەرەوپێش نەچووە، ئەوە بە من ڕاگەیەنرا لە کۆتایی ئەمساڵدا بەلای کەمەوە ١٢ سەعات کارەبا دابین دەکرێت و لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوودا ٢٤ سەعات کارەبا دابین دەکرێت، کە دەبینین ئەوە ڕوونادات.

لە دەرئەنجامدا هاووڵاتیانی عێراق دوچاری نەهامەتی دەبنەوە. سەرباری هەموو ئەوانە ڕەوشێکی ئەمنی زۆر خراپ لە ئارادایە، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئیغتیالات و هێرشکردن ئەنجام دەدرێن و سەرکوتکاریەکی بە ئاشکرایی بۆ سەر کەمینەکان هەیە.

من زۆر دڵتەنگم بە وتنی ئەوەی تێکڕای بارودۆخەکە مایەی نائومێدیە. لەلایەکی دیکەوە پێچەوانەوەی ئەمە لە کوردستان دەبینین، کە تیرۆریزم نییە، کێشەی ئەمنی نییە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ئابووریەکەیان نزیکەی لە سەدا٩یە، وەبەرهێنانێکی زۆر هەیە، ٢٤ سەعات کارەبا هەیە، ئاوی پاکی خواردنەوە هەیە، ڕێژەیەکی بەرزی دامەزراندن و بەکارخستن هەیە. لەڕاستیدا کوردستان بۆتە نەوایەك بۆ ئاوارەی بەشەکانی دیکەی عێراق کە لە دەست توندوتیژی و سەرکوتکاریی





هەڵهاتوون. دەبێت ئەوە بڵێم دڵتەنگم بەوەی بەم شێوەیە ڕەخنە لە عێراق دەگرم، بەڵام پێدەچێت شتگەلێکی زۆر کەم ڕووبدات لە سایەی ئەم حکومەتەی ئێستادا. خەڵکی عێراق شایستەی باشترن. پێم وایە دەبێت ئەمەریکیەکان هەست بە شەرم بکەن بەوەی ئەم پشێوییە خراپەیان خوڵقاندووەو ئێستاش بە نیازن لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو وڵاتە جێدەهێڵن و پشێوی و دۆخێکی شپرزە لە دوای خۆیان جێدەهێڵن.

*** تا چ ڕاددەیەك پێت وایە کێشە هەڵپەسێردراوەکان، گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان، شیعەو سوننەو کوردەکان، یەکێتی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟**

- ئومێدی من ئەوەیە ئەم مەترسییەی لێنەکەوێتەوە. من خەڵکی سکۆتلەندام، کە دۆخێکی هاوشێوەی کوردستانمان هەیە، حکومەتێکی خۆبەڕێوبەرمان هەیە، کە بەرپرسیارێتیەکانی شۆڕکردۆتەوە لە هەندێ بواری دیاریکراودا، وەك تەندروستی، پەروەردە، گواستنەوەو دامەزراندن، بەڵام نەك بۆ سیاسەتی بەرگری و کاروبارەکانی دەرەوەو ئەمنی کۆمەڵایەتی. کوردستان لێکچوونێکی زۆری هەیە لە پێوەندیدا بە بوونی حکومەتێکی خۆبەڕێوبەرەوە، سکوتلەندا یەدەگێکی گەورەی نەوتی هەیە، هەروەها کوردستانیش. پێم وایە کوردەکان بە باشی ئاوێتەبوونەو لە تەباییدان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا، بەڵام دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق چاو لە کوردستان بکەن لە چارەسەرکردنی گەندەڵیداو باشترکردنی دەرفەتەکانی دامەزراندن و کارکردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی دووبارە ئابووری گەشە بکاتەوەو حکومەتێکی دیموکراتیان هەبێت کە نوێنەرایەتی تێکڕای خەڵك بکات، نەك تەنیا لایەنگەلێکی کۆمەڵگەکە.

**دەبێت ئەمەریکیەکان هەست بە شەرم بکەن بەوەی ئەم پشێوییە خراپەیان خوڵقاندووەو ئێستاش بە نیازن لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو وڵاتە جێدەهێڵن و پشێوی و دۆخێکی شپرزە لە دوای خۆیان جێدەهێڵن**

*** لە کاتێکدا ئەمەریکا دەکشێتەوە کە حکومەتێکی سەقامگیر بوونی نییە لە عێراقدا، کە دەزانین بۆ ماوەی دوو ساڵە هێشتا حکومەتەکە بونیادی خۆی تەواو نەکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك بوونی حکومەتێکی ناتەواو مەترسی بۆ سەر ڕەوشە ئەمنیەکە دروست دەکات و عێراق دەکاتە زەمینەیەك بۆ دەستێوەردانی دەرەکی؟**

- بە دڵنیاییەوە تەواو ڕوونە کە



ڕۆژانە ئێران دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا دەکات، لە ئێستادا ئێران مەترسی دەستێوەردانی بۆ عێراق هەیە، کە شەرمەزارییە عێراق ڕێگە بەدەستێوەردانی بدات. لە ڕاستیدا نابێت عێراق ڕێگا بدات دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆییدا بکەن، پێم وایە ئەمەریکاش پاشەکشە دەکات و کاریگەریەکەشی ناسەقامگیرکردنی دۆخەکەیە کە خۆی لە خۆیدا ناسەقامگیرە.

*** ئێمە هەرێمێکی دیموکرات و ئارامان لە عێراقدا بنیاتناوە، تا چەند ئەمەریکا ئەمە لەبەرچاو دەگرێت یارمەتیمان دەدات لە پاراستنی هەرێمەکە لە دژی ئەو توندوتیژیەی لە بەشەکانی دیکەوە دەپەڕێتەوە بۆ عێراقە ئارامەکە، کە هەرێمی کوردستانە؟**

- یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کوردستان لە تەقینەوەی تیرۆریستی و لە ئیغتیالات بە دوورە ئەوەیە کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ چەندین ساڵە بە باشی لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزگارییان لێدەکرێت و پێم وایە کوردەکان توانای تەواویان هەیە بۆ ئەوەی بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بدەن. بەڵام من ئەو ڕاستیە دووبارە دەکەمەوە کە کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق پێشوەختە یارمەتیدەر نابێت لە سەقامگیرکردنی دۆخێکی هەستیارو ناسکدا.

**یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کوردستان لە تەقینەوەی تیرۆریستی و لە ئیغتیالات بە دوورە ئەوەیە کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ چەندین ساڵە بە باشی لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزگارییان لێدەکرێت**

*** دوا وتەت چییە؟ پەیامت بۆ خەڵکی ئێمەو بە تایبەتی بۆ کوردەکان؟**


- من پیرۆزبایی لە کوردستان دەکەم بۆ ئەو بەرەوپێشچوون و گەشەکردنەی بەدەستیان هێناوە لە پێوەندیدا بە ئازادی و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان و وەبەرهێنانی ناوخۆیی کە دەبێتە مایەی گەشەکردن و بووژانەوەیەکی ڕوو لە زیاد بۆ وڵاتەکە، من سەری ڕێز بۆ کوردستان دادەنەوێنم، کە پێویستە وەک نموونەیەکی درەوشاوە ڕەفتار بکات بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق و لە ڕاستیدا بۆ بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پێوەندیدا بە چۆنیەتی کارکردن و سەرکەوتنی دیموکراسیەوە، کەواتە مۆدێلی ڕاستەقینە بۆ دیموکراسی بریتیە لە کوردستان نەک بەشەکانی دیکەی عێراق.

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نیگەرانی بەرامبەر ئاییندەی عیراق دروستکردووە





کیس کارین بۆ گوڵان:



# ٨٠٠ بلیۆن دۆلارمان لەعێراقدا خەرجکردووە و ٤٠٠٠ کەسمان لەدەستداوە، ئەمەش گەورەترین هەڵەبوو لەمێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا

لەماوەی ٤٠ ڕۆژی داهاتوودا تەواوی هێزەکانی ئەمریکا عێراق بەجێ دەهێڵن، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەیە کە بەڕێککەوتنی سۆفا ناسراوە و لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا و بەئاگاداری باراك ئۆباما (کە ئەو کاتە سەرۆکی هەڵبژێردراو بوو، بەڵام دەست بەکار نەببوو) ئیمزاکراوە، ئەوەی لەوادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چاودێرانی نیگەران کردووە ئەوە نییە کە هێزەکان دەکشێنەوە یان نە، بەڵکو ئەوەی نیگەرانییەکەی دروستکردووە ئەوەیە کە بوونی ئەو هێزانە لەعێراقدا بۆ ئەوەبوون کێشەکانی بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بونیاد بنێن و، پاشان بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئەم دەوڵەتە بەعێراقیەکان بسپێردرێت، بەڵام وێڕای ئەوەی بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبێت هێزەکان بکشێنەوە، ئەوا لەهەمانکاتدا عێراق لەبارودۆخێکدایە کە نەك هەر لەسەر ئاستی سەقامگیری و ئاسایش کێشەی هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسیی و حکومڕانی چەندین کێشەی قورسی هەیە و هێشتا وێڕای ئەوەی زیاتر لە٢٠ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ٢٠١٠ تێپەڕیووە، بەڵام هێشتا هەیکەلی ئەو حکومەتە تەواو نەبووە کە بەپێی دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێر بڕیار بوو حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە تەواو خاڵەکانی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت، هەتا ئێستا لایەنی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دروست دەکات کە د.ئەیاد عەلاوی وەك سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە پاڵێوراو بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، لەهەمانکاتدا کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و کێشەی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەك خۆیەتی، ئەمانەش هەموو پێکەوە مانای ئەوەن کاتێك هێزەکانی ئەمریکا عێراق بەجێدەهێڵن، وڵاتێك بەکۆمەڵێك کێشەوە بەجێدەهێڵن کە حکومەتی عێراق توانای چارەسەری ئەو کێشانەی نییە، لەمەش زیاتر حکومەتی عێراق هەتا ئێستاش توانای دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاو و کارەبای بۆ هاووڵاتیانی عێراق نییە، ئەمە بێجگە لەهەڕەشەو دەستێوەردانی دەرەکی بۆ ناو خاکی عێراق کە دیسان حکومەتی عێراق توانای بەرپەرچدانەوە یاخود پاراستنی سنوورەکانی نییە، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ئەمە بێجگە لەو کێشانەی حکومەتی عێراق کە ڕۆژانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەبارەت بەکۆنتراکتی نەوت و یاسای نەوت و گاز و جێبەجێ نەکردنی ماددەکانی ناو دەستووری عێراق دروستی دەکات، سەبارەت بەم واقیعەی ئێستای عێراق و ئەگەرەکانی ئاییندە، پرسیارمان ئاراستەی پرۆفیسۆر یۆست هیلتەرمان (joost Hiltermann) جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەگرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان کرد و لەوەڵامی پرسیارەکەی گوڵاندا، بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ خستینەڕوو: (بەهیچ شێوەیەك ڕوون نییە ئایا عێراق ناسەقامگیرتر دەبێت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یان نا. هەڕەشەی سەرەکی لەسەر دەوڵەتی عێراق بریتییە لە لەرزۆکی خودی دەوڵەتەکەو بێمتمانەیی قووڵی نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەروەها بێتوانایی سیاسییەکان بە لەبەرچاوگرتنی هیچ بەرژەوەندییەکی

**لایەنی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دروست دەکات کە د.ئەیاد عەلاوی وەك سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە پاڵێوراو بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە**



دیکە جگە لەبەرژەوەندی شەخسی و حزبی خۆیـان و بێتواناییـان لەدانانی تێڕوانین و بەرنامەیەك بۆ وڵاتەکە بەتێکرا).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر هیلتەرمان لێی دەترسێت و بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، مەترسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نییە، هەموو لایەکیش دەزانێت کە بوونی هێزەکانی ئەمریکا تاسەر لەعێراقدا نابێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە ئەوەیە کە خودی دەوڵەتی عێراق بۆتە کێشە و کێشەی نێوان هێزە سیاسییەکانە کە بێمتمانەییەکی ئەوتۆی دروستکردووە کە نەتوانرێت بەرنامەیەك بۆ تێکرای عێراق دابنرێت، بێگومان لەحاڵەتێکی لەمجۆرە کە عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، مانای ئەوەیە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەوا عێراق دەکەوێتە بەر مەترسی دەوڵەتانی دراوسێ، لەمبارەوە سەبارەت بەمەترسی دەستێوەردانی دراوسێکان بۆ عێراق، پرۆفیسۆر هیلتەرمان بەمجۆرە ڕای خۆی بەگوڵان ڕاگەیاند:

**خودی دەوڵەتی عێراق بۆتە کێشە و کێشەی نێوان هێزە سیاسییەکانە کە بێمتمانەییەکی ئەوتۆی دروستکردووە کە نەتوانرێتە**

(من هیچ ئەگەرێکی ڕاستەخۆ نابینم بۆ دەستێوەردانی سەربازی دەرەکی لەعێراقدا. بەپێچەوانەی ئەوەی ئێوە دەیڵێن، وڵاتە دراوسێکان لاوازی عێراقیان ئیستیغلال کردووە بۆ پشتیوانیکردن لەو یاخیبووانەی لەعێراقدا هەن. ئەوان بەردەوام ئەم کارە دەکەن ئەگەر خزمەت بە بەرژەوەندیەکانیان بکات.. هەروەها من وای نابینم بەم نزیکانە عێراق ببێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. سوریا مەسەلەیەکی دیکەیە).

سەبارەت بەکێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداش، کە لەچوارچێوەیەکدا کە دەکرێت بڵێین چارەسەر نەکردنی ئەم کێشانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق، پرۆفیسۆر هیلتەرمان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە نەبوونی چارەسەری هاوبەش لەنێوان بەغداو هەولێر بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان هەڕەشە لەیەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و لەم چوارچێوەیەدا وتی: (کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکێتی عێراق، بەڵکو شکستهێنانی بەغداو هەولێر لەدۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ناکۆکیەکانیان، هەڕەشە لەیەکێتی عێراق دەکات. تا ئێستا بوونی هێزەکانی ئەمریکا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لەسەر یارمەتیدانی لایەنەکان بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەر(دوای زیاتر لەهەشت ساڵ) و لەڕاستیدا بۆتەهۆی قووڵبوونەوەی ئەو ناکۆکییە، کەواتە چ شتێك وای لێکردوون

**پۆست هیلتەرمان بۆ گوڵان:**



## شکستهێنانی بەغداو هەولێر لەدۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ناکۆکیەکانی نێوانیان هەڕەشە لەیەکێتی عێراق دەکات

باوەڕ بەوە بکەن مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر یارمەتیدەر دەبێت لەدۆزینەوەی چارەسەرێك؟ بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا شەڕی ناوخۆ بەرپا نابێت. ئەگەر لەداهاتووشدا شەڕی ناوخۆ ڕووبدات، ئەوا کوردەکان بەمتمانەوە پێداگیری زیاترەوە کار لەسەر جیاوازی و جیایی خۆیان دەکەن لەبەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام ئەم دۆخە لەتشرینی یەکەمی ١٩٩١ـەوە بوونی هەیە)).

سەبارەت بەئایندەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مەترسی ئەوە هەیە کاریگەری لەسەر ڕەوشی ئارامی هەرێمەکە هەبێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر هیلتەرمان پێی وتین: (کوردەکان هەرێمێکی سەقامگیریان پێکهێناوە، بەڵام هەرێمێکە، لەبەر چەند هۆیەك کە ڕەنگە مایەی تێگەیشتن بن، هێشتا دوورە لەوەی هەرێمێکی دیموکرات بێت. توندوتیژی بەشەکانی دیکەی عێراق، تەنانەت لەترۆپکی توندوتیژیەکاندا لەساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ هەڕەشە نەبوونە بۆ سەر هەرێمەکە، کەواتە من پێم وانییە ئەمە نیگەرانییەکی بەپەلەبێت لەم ساتەوەختەدا)).



### کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هەڕەشەی تیرۆر

لایەنێکـــی دیکە کە جێگەی نیگەرانییە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، مەترسی زیادبوونی کاری تیرۆریســـتیە لەعێراقدا، بەڵام هەندێك لەپسپۆران پێیانوایە مەسەلەی کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە نابێت، لەبەر ئەوەی بوونی هێز نابێتە هۆکارێك بـــۆ ڕێگرتن لەکاری تیرۆریستی، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر محەمەد بامیە ئوستادی تیۆری سیاسیی و سیســـۆلۆژی لەزانکۆی بیتسبۆرگ و تایبەتمەند لەســـەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســـەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن: (کۆنترۆڵکردنـــی دیاردەی تیرۆر پێوەندیی بەمانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا نییە، تیرۆر لەو جـــۆرە دیاردانەدا نییە کـــە بتوانرێت بەهێز کۆنترۆڵ بکرێت. تاکە شـــت کە سوودی هەیە ئەوەیە سیســـتەمێکی دیموکراسیتان

**محەمەد بامیە بۆ گوڵان:**



**من نیگەران نیم لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵکو نیگەرانیی لەوەدایە ئایا عێراق دەبێتە وڵاتێکی دیموکراتی و هەمووان لەخۆبگرێت و ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت**

هەبێت کە کارا بێت و هەمووان لەخۆبگرێت و کرانـــەوە بێت بـــۆ هەمـــوو دەنگەکان، هەبوونـــی ئەمـــە گرنگـــە لەبەرئـــەوەی تەواجـــودی ژمارەیەکـــی زۆر لەهێـــزی سەربازی لەوڵات سوودێکی ئەوتۆی نابێت، لەبەرئەوەی بەخۆیان سەرچاوەیەکی دیکەن بۆ کێشـــەکان. لێرەدا هەندێك کەس باوەڕیان بەوە هەیە کە کێشەکان تەنیا بەهێز چارەسەر دەکرێت، ئاڕاســـتەیەکی دیکە پێیانوایە کە چارەسەر لەڕێگەی هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی کارایە کە هەمووان لەخۆبگرێت. بەڕای من ڕێگەچارەکە بریتییە لەهەبوونی سیســـتەمێکی دیموکراســـیی کارا و کراوە کـــە هەمـــوان لەخۆبگرێـــت. ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بەتەواجودی لەناوچەکە و مانەوەی هێزی ســـەربازی و داگیرکـــردن بارودۆخەکانی خراپتر کردووە. بۆیە مـــن بەهیچ شـــێوەیەك نیگەران نیم لەکشـــانەوەی هێزەکان، بەڵکو نیگەرانیی من لەوەدایە ئایا سیستەمەکە لە»عێراق» دەبێت بەسیستەمێکی دیموکراتی کە هەموو هاووڵاتیان لەخۆبگرێت و ڕێز لەمافەکانی مـــرۆڤ بگرێـــت ...و تاد. یـــان نا. ئەم شتەیش هەموو وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە و هـــاوکات تاکە ئومێدە کـــە هەمانبێت... سەبارەت بەدەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێش دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، من پێموایە ئەمریکاش لەعێراقدا بوونی هەبوو دەستیوەردان بوونی هەبووە، مەحاڵە بیر لەوە بکەینەوە لەوڵاتێك بژین کە دەســـتێوەردانی دەرەکیی تێدا نەبێـــت، لەبەرئەوەی هەموو وڵاتێك تاڕاددەیەك هەندێـــك بەرژەوەندیی هەیە لەکاروبـــارە ناوخۆییەکانی وڵاتێکی دیکەی هەمـــان ناوچە، لەبەرئەوەی نەتەوە جیاوازەکانی یەك ناوچە پێکەوە پەیوەســـتن لـــەڕووی پێوەندیی ناوخۆیـــی و پێوەندیی دەرەکـــی و بەرژەوەندیی هاوبەش و هەروەها زۆرجار لەڕووی کەلتورییـــەوە. بۆیە ئەوە شتێکی پێشبینیکراوە و ئەگەری ڕوودانی هەیە کە وڵاتان هەوڵبدەن بۆ دەســـتێوەردان لەسیاسەتە ناوخۆییەکان، بۆیە تاکە شت کە ئەگەری هەیە بارودۆخەکان بەشـــێوەیەکی باش سەربخات ئەوەیە کە لەهەموو وڵاتێکدا کەلتورێکی دیموکراســـیی چەسپاو بوونی هەبێت، لایەنی کەمەوە بـــۆ جەختکردنەوە لەوەی کـــە ئەگەر هات و هـــەر هێزێکی دەرەکی هەوڵیدا بۆ دەســـتێوەردان لەکاروبارە ناوخۆییەکان وەك هێزێکی بیانی سەیربکرێت، هاوشێوە لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکی، بۆیە پێموایە ئـــەوەی کە ئێوە پرســـیار لەبارەی دەکەن زیاتر پەیوەستە بەلایەنەکانی ئاسایش و دەســـتێوەردان لەوڵاتێکی ناســـەقامگیر، ئەمەیـــش خـــۆی لەخۆیـــدا چیرۆکێکی دیکەیە)).

ئەوەی هەموو لایەك مەترســـی لەسەری هەیە، ئەوەیە کە حکومەتی ئێستای عێراق متمانەی ئەوەی پـــێ ناکرێت کە بتوانێت لەچوارچێوەی دەســـتووری عێراقدا، وڵات بـــەرەو کەناری ئابـــووری بەرێت، بۆیە لەم کاتـــەدا وڵاتێکی وەك ســـوریا کە خاوەنی ســـنوورێکی فراوانە لەگەڵ عێراقدا، بەڵام

**حوسام عەزاوی بۆ گوڵان:**



**هەتا ئێستاش نەمانتوانیووە دەستوور بکەینە مەرجەع بۆ چارەسەری کێشەکانمان، کێشەی یاسای نەوت و گازیش هەر ئەوەیە**

ئێستا لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە، بۆیە لەمبارەوە ســـەبارەت بەکاریگەری بارودۆخی سوریا لەســـەر عێراق، پرۆفیسۆر محەمەد بامیە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (سوریا و عێراق دوو وڵاتی لێك جیاوازن، «عێراق» حاڵەتێکی جیاوازە کـــە تیایدا هێزێکـــی بیانی هەیە کـــە ڕژێمەکەی ڕووخانـــدووە و وڵاتەکەی داگیرکردووە، لە»ســـوریا» شۆڕشـــێکی لۆکاڵ هەیە کە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەوە هەڵقولاوە، شۆڕشـــێکی جەماوەرییە. بۆیە هەردووکیان هەمان حاڵـــەت نین، هەروەها هەرچەندە کە کوشـــتن لێی ڕوویداوە بەڵام

شۆڕشـــەکەی «ســـوریا» تارادەیـــەك ناتوندوتیـــژە و خەڵـــك توندوتیژییان ناوێت و تاکو ئەمڕۆ شۆڕشـــێکی ئاشـــتییانەیان دەوێـــت، بەڵام ئەو توندوتیژییەی لەعێراقدا هەیە ئەوە شـــۆڕش نییـــە و یاخیبوونێکی لۆکاڵییە)).

ئـــەوەی پرۆفیســـۆر محەمـــەد بامی ئاماژەی پێکرد تێڕوانینێکی عەرەبیانە بوو بۆ خوێندنەوەی بارودۆخەکە، هەربۆیە وەك وەرگرتنی بیروبۆچوونی لایەنی ئەمریکیش پرســـیارمان لەکیـــس کاریـــن بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانـــی ئابووری و وزە و پەرەپێدان لەئامـــۆژگای ڕەند کرد، کە پرۆفیســـۆر کارین یەکێکە لـــەو تۆژەرانەی تایبەتمەندە لەسەر عێراق، سەبارەت ئەو باجەی ئەمریکا لەعێـــراق داویەتی لەلێدوانێکـــی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەمریکا ٨٠٠ بلیۆن دۆلاری لەعێـــراق خەرجکـــردووە و ئێمە ٤ هەزار کەســـمان لەدەســـتداوە کـــە ئەزانین عێراقیـــەکان ئازارێکی زیاتریان چەشـــت، پێم وایـــە تێوەگلانی ئەمریـــکا لەعێراقدا یەکێك بوو لەتراژیدترین هەڵەکانی مێژووی سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەچەشنی زۆرێك لەئەمریکیـــەکان ئێمەش خوازیاری ئەوەین دوای کشـــانەوەی هێزەکان ئەمریکا پێوەندیەکـــی نزیکـــی هەبێـــت لەگـــەڵ حکومەتی عێراقدا، بەڵام خەڵکانێکی زۆر هەن لەئەمریکا کە خۆشحاڵن بەکشانەوەی تێکرای هێزەکانمان لەو وڵاتەدا)).

ئەم ڕاشـــکاوییەی پرۆفیســـۆر کارین ڕەنگدانـــەوەی ڕای گشـــتی ئەمریکایە لەســـەر بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و بێ ئومێد بوونی ڕای گشـــتی ئەمریکا پیشـــاندەدا لەســـەر سیاســـەتی ئەمریکا لەعێراقدا، بۆیە دووبارە پرسیارمان لێکردەوە، ئایا لەم چوارچێوەیـــەدا بارودۆخی عێراق دوای کشـــانەوەی هێزەکان چۆن دەبینن و ئایا ئاییندەی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا چـــۆن دەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا پرۆفیسۆر کارین بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و وتی: (لەڕاستیدا من لەگەڵ ئێوە تێڕوانینی جیـــاوازم هەیە لەبـــارەی ســـەقامگیری عێراقەوە، مەبەســـتم لەتوانای عێراقیەکان بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتی عێراقیەکانە، نەك بەرپرســـیارێتی ئەمریکا، من متمانەیەکی زۆرم بەعێراقیەکان هەیە کە بتوانن بەســـەر ئەم کێشـــەدا زاڵبن، چونکە ئەمە کێشەی عێراقە نەك کێشـــەی ئەمریـــکا. هەروەها

## موحسین سەعدون بۆ گوڵان:



# ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند بکرێت کە لە ٢٠٠٧ لەسەری ڕێککەوتووین هەموو کێشەکانی نەوت و گاز چارەسەر دەکرێن

پێموایە هەرێمی کوردســـتان سەرچاوەیەکی گەورەی سەقامگیریە بۆ عێراق، لەپێوەندیدا بەئاســـتێکی زۆر نزمتری توندوتیژییەوە، هەروەها ئێوە ســـەرۆکێکتان بۆ عێراق دابین کردووە و بەشـــدارن لەپرۆســـە سیاسییەکە لەبەغـــدا. هەرێمی کوردســـتان بەشـــێکە لەعێراق و ئەمریکا ئیعتیراف بەحکومەتی عێراق دەکات، ئەمریکا هەستێکی گەرم و گوڕی هەیە لەئاست کوردەکان، بەڵام وەك بەشێك لەدەوڵەتی عێراق. ئەمریکا پێوەندی لەگـــەڵ دەوڵەتاندا هەیە و پێوەندی لەگەڵ هەرێمەکاندا نابەستێت)).

### نەوت و گاز
### کێشەیەکی دیکەی نێوان هەرێم و بەغدا

یەکێـــك لـــەو کێشـــانەی حکومەتـــی عێـــراق بۆخـــۆی و هەرێمی کوردســـتانی دروست دەکات، مەســـەلەی نەوت و گاز و دەســـەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە بەپێی دەســـتووری عێراق بۆ گرێدانی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیـــا جیهانییەکاندا، هەروەها خۆدزینەوەیەتی لەســـەر ڕەشنووســـی ئەو یاسایەی کە لەساڵی ٢٠٠٧ هەردوولا هەرێم و بەغدا لەســـەری ڕێککەوتوون، سەبارەت بـــەم ڕێککەوتنە پرســـیارمان لەموحســـین سەعدون پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی کرد، ســـەبارەت بـــەم لایەنـــە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (لەســـەر ئەو وێنەی ڕێککەوتنەی لەساڵی ٢٠٠٧ هەردوولا هەرێم و بەغدا لەســـەری ڕێککەوتبوون و لەلایەن ئەنجوومەنـــی نوێنەرانەوە پاڵپشـــتی لێکرا، وتووێژەکان بـــەردەوام بوون، وا ڕێککەوتبوون ئـــەو وێنەیـــە بنێردرێت بـــۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، بەمەبەســـتی ئەوەی یاسای نەوت و گاز پەســـەند بکرێت، ئەم یاسایە هەموو کێشە و ئیشـــکالییاتەکان چارەسەر دەکات، بەپێی ئەم یاســـایە هەموو گرێبەستەکانی کە لەهەرێمی کوردســـتان هەن یاســـایی و دەستوورین، بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە دەستوور ڕێگە بەهەرێم و پارێزگاکان دەدات بۆ واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان بەتایبەتی هەرێمی کوردســـتان کە یاسای نەوت-ی هەیە، بۆیە من پێموایە کە ئێســـتا پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەڵســـتا بەواژۆکردنی گرێبەســـت لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکە لەبارەی دۆزینەوەی هەندێك ناوچەی نەوت-ی، بینیمان ســـەر لەنوێ وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی دووبارە کەوتەوە ڕەخنەگرتنی نادەستووری، بۆیە ئێمە پێمانوایە بۆ ئەوەی ئەم کێشـــەیە چیتر دووبارە نەبێتەوە، پێویستە یاسای نەوت و گاز وەك ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بەزووترین کات دابڕێژرێت و پەسەند بکرێت، بەپێی ئەم یاسایەش سامانی نەوتی موڵکی گەلانـــی عێراقە و حکومەتـــی ئیتیحادی بۆی نییە کۆنترۆڵی بـــکات، لەبەرئەوەی ماددەی ١١١ لەدەســـتوور دەڵێت: (نەوت و غاز موڵکی هەموو هەرێـــم و پارێزگاکانە لە»عێراق»)). بۆیە، ئەم یاسا-یە مەسەلەی نەوت یەکلا دەکاتەوە)).

هـــەر لـــەم چوارچێوەیەدا و ســـەبارەت بەدواکەوتنـــی یاســـای نـــەوت و گازی عێـــراق پرســـیارمان لەحوســـام عـــەزاوی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کرد بەوەی تاچەند پێویســـتە عێراق خاوەنی یاسایەکی نەوت و گازی ئەوتـــۆ بێت کە ڕەزامەندی هەموولایەکی لەســـەر بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارەدا عەزاوی بەگوڵانـــی ڕاگەیاند بوونی ئەم یاسایە تا دوا ڕادەە گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت، لەم چوارچێوەیەدا وتی: (هەروەك ئێوەیش بەئاگان، یاســـا-کە هێشتا هەر لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەراندایە، ئێمە لەگەڵ تەشریعکردنی یاسای نەوت و گازین و چەندین جار باسمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کـــردووە، ماوەیـــەك پێش جەژنـــی قوربان ڕەشنووســـێك دەرچوو، بـــەڵام ڕەتکرایەوە و لەناو ئەنجوومەن هیچ تەوافوقێکی لەسەر




نەبوو. ئێمە هاوڕاین لەگەڵ تەشریعکردنی یاسای نەوت و غاز و ئەمە لەدەستووردا هاتووە، پێموایە باشترین چارەسەر بریتییە لەدەرهێنان و بەکارهێنانی سامانەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان، لەگەڵ بایەخ بە چۆنییەتی دابەشکردنی سامانەکان بەیەکسانی بەسەر پارێزگاکان بەپێی چەند میکانیزمێکی دیاریکراو، ئێمە لەگەڵ ئەم یاسا-یەین بۆئەوەی وەبەرهێنانێکی ڕاستەقینە بێتەکایەوە لەڕووی سامانەکانی وڵات، نەك تەنیا نەوت و گاز، بەڵکو هەموو سامانەکانی دیکەی وڵات کە هەمووی موڵکی گەلی «عێراق»ـە. بەڵام ئەو کێشانەی دروست دەبن بەداخەوە هەموو کێشەی سیاسین و هەتا ئێستا دەستوور نەبۆتە حەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، خۆی لەخۆیدا پێویستە دەستوور حاکمی یەکلاکەرەوە بێت لەبارەی هەموو کێشە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، هەڵبەتە دەستوور مەرجەعە. بۆیە من پێموایە کە کێشە سەرەکییەکان کێشەی سیاسین و ڕەنگدانەوەی لەسەر دیمەنی ئابووری هەیە، کێشەی تەوافوقی سیاسی بۆتە کێشە لەکاری سیاسی بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی لێ کەوتۆتەوە لەسەر لایەنی ئابووری و هەروەها خزمەتگوزارییەکانیش، بەڵکو بەپێچەوانەوە، من لەگەڵ ئەوەدام وەبەرهێنان بۆ سامانە سروشتییەکان ڕوویدات هەر لە»کوردستان»ـەوە تا «بەسرە» و دەستوور-یش ڕوونی کردۆتەوە کە داهاتی سامانەکان بەشێوەیەکی ناوەندی دابەشبکرێت، بەڵام بەداخەوە سستی لەبەڕێوەبردنی دۆسیەی ئابووری هەیە و بەتایبەتی لەڕووی خزمەتگوزارییەکان، شێوازی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئابووری سستییەکی گەورەی پێوە دیارە، ئەمە لەکاتێکدا لایەنی ئابووری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیە لەڕووی بونیادنانی ژیان و گوزەرانی و هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر شکستی تەوافوقاتە سیاسییەکان و پاپەندنەبوون بەڕێککەوتنە سیاسییەکان و ئەمە بوو کە لەدیمەنە سیاسییەکە ڕوویدا لەمیانی پێکهێنانی حکومەتی ئێستا، ڕێککەوتنی «هەولێر» بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەکرا، مەبەستم ئەو بەند-انەی کە لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتن پێش پێکهێنانی حکومەت، ئەمەیش بووە هۆی پەکخستنی چەندین دۆسیەی گرنگ و هەستیار لەنێویشیاندا یاسای نەوت و گاز)).

**پێویستە یاسای نەوت و گاز وەك ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەرکراوە بە زووترین کات دابڕێژرێت و پەسەند بکرێت، بەپێی ئەم یاسایەش سامانی نەوت موڵکی گەلانی عێراقەو حکومەتی ئیتیحادی بۆی نییە کۆنترۆڵی بکات**

**کێشە سەرەکییەکان کێشەی سیاسین و ڕەنگدانەوەی لەسەر دیمەنی ئابووری هەیە. کێشەی تەوافوقی سیاسی بۆتە کێشە لە کاری سیاسی، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر لایەنی ئابووری و هەروەها خزمەتگوزارییەکانیش لێ کەوتۆتەوە**

# کوردی سوریا
# لەگێژەنگی ستراتیجە دژ بەیەکەکاندا



فەرید ئەسەسەرد

تورکەکان وا دەڕواننە قەیرانەکەی سوریا کەئەوەی لەسوریا روودەدا راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان هەیە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە نیگەران بوون وخێرا فریای دیمەشق کەوتن ونەخشە رێگایەکیان بۆ دەربازبوون بۆ دانا. بەلای ئەنکەرەوە، رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد لەسوریاو هەرەس هێنانی دەوڵەت تێیدا بەو جۆرەی کە لەعیراق روویدا، کوردی سوریا دەکاتە فاکتەرێکی دیار لە سیاسەتی ناوخۆیی داهاتووی سوریا، ئەمەش کاریگەری لەسەر کوردی تورکیا بەجێ دێڵێت، بەتایبەتی کەسنووری ناوچەی کوردنشینی هەر یەك لەسوریاو تورکیا دوو ئەوەندەی سنووری کوردنشینی هەر یەك لەعیراق وتورکیا دەبێ وپێوەندییە کەلتوری وکۆمەڵایەتییەکانی کوردی سوریاو کوردی تورکیا زۆر لەپێوەندییە کەلتوری وکۆمەڵایەتییەکانی کوردی عیراق وکوردی تورکیا پێشکەوتووترن.

بەڵام پاش ئەوەی تورکیا لەفریاکەوتنی دیمەشق بێ ئومێد بوو، دیمەشقیش تورکیای هاوپەیمانی ستراتیجیی خۆی شەرمەزارکردو هیچ بوارێکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی نەهێشتەوە، هەردوولا کەوتنە دژایەتی کردنی یەکتری. تورکیا پێوەندیی بە ئۆپۆزیسیۆنی سوریاوە کردو رێگای پێدا لەئەستەمبول ودواتر لە مارسین، کۆنفرەنسی خۆی ببەستێ. دیمەشقیش پێوەندیی بەپەکەکەوە کردو هاوپەیمانییە دێرینەکەی سەردەمی حافز ئەسەدی لەگەڵدا زیندوو کردەوە.

گۆڕانی ستراتیجی تورکیا لەفریاکەوتنی رژێمی ئەسەدەوە بۆ دژایەتی کردنی، یەکێ لەو گۆڕانە دراماتیکییانەیە کەمەگەر هەر لەناوچەیەکی ئاڵۆزی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روو بدا. ستراتیجی بەرایی تورکیا، رێگرتن بوو لەڕووخانی رژێمی ئەسەدو هەرەس هێنانی دەوڵەت لەسوریا، چونکە پێی وابوو ئەم رووداوە بەقازانج بۆ پەکەکەو کوردی سوریا دەشکێتەوە. ئێستا پاش هاوپەیمانێتی نێوان دیمەشق وپەکەکە، ستراتیجی تورکیا بۆتە بەشداری کردن لەڕووخاندنی رژێمی ئەسەد بۆ رێگرتن لەهاتنە کایەی بارودۆخێك کە رەنگە بەقازانج بۆ پەکەکەو کوردی سوریا بشکێتەوە.

بەڵام تورکیا ناتوانێ بایەخی فاکتەری کورد لەسوریا فەرامۆش بکاو لەم سەروبەندەدا ناتوانێ رۆڵی کورد وەك بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن پشت گوێ بخا، ئەمە هانی دەدا نەکەوێتە خانەی دژایەتی کردنی کوردی سوریاوە وپێی وایە رۆڵی لەپشتگیری کردنی ئۆپۆزیسیۆن وئەگەری ئەوەی کەرۆڵێکی گەورەتری لەئایندەدا لەناو سوریا پێ بسپێردرێ، دەشێ ببێ بەمایەی ئەوەی کەبتوانێ زیانەکانی روخانی رژێمی ئەسەد کەم بکاتەوەو سنورێك بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئایندە دابنێ، بەچەشنێك کەنەبنە مایەی هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی. بەم مانایە، تورکیا ئومێد لەسەر ئەوە هەڵدەچنێ کەرێگای پێ بدرێ رۆڵێکی دیاریکراو لەپێکهێنانی رژێمی داهاتووی سوریا بگێڕێ.

لەهەمبەردا، پەکەکە ستراتیجی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتووە کەروخانی رژێمی ئەسەد بەزیان بۆ بەرژەوەندییەکانی وبۆ رەوتی مەسەلەی کورد لەتورکیا دەشکێتەوەو لەم سەروبەندەدا پشتیوانی لەو تیۆرییە دەکا کەپێی وایە تورکیا لەکورد زۆرتر قازانج لەڕوخانی رژێمی ئەسەد دەکاو بەم پێیە هاوکێشە پەسندکراوەکەی ئەوەیە کەپشتگیری کردن لەمانەوەی رژێمی ئەسەد، گورزێکی کاریگەر لەبەرژەوەندییەکانی تورکیا دەدا.

ئەم تێڕوانینەی پەکەکە زۆر خۆپەرستانەیە. تەماشاکردنی ئەم مەسەلەیە بەچاویلکەی ململانێی نێوان تورکیاو پەکەکە، لایەنێکی گرنگی مەسەلەکە پشت گوێ دەخا کەبەرژەوەندیی کوردی سوریایە کەبەرژەوەندییان لەڕوخانی رژێمی ئەسەددایەو پێیان وایە سوریا بەبێ روخانی رژێمی ئەسەد هیچ ئومێدێکی لەسەر هەڵناچنرێ.

لەوەتەی پەکەکە هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ دیمەشق دەمەزەرد کردۆتەوە، هەست دەکرێ رۆڵی کورد لەشەقامی سیاسیدا بەرەو کزی چووە. میلیشیاکانی پەکەکە کوردەکان هان دەدەن پابەند بن بەخۆ دورخستنەوە لەناڕەزایی دەربڕین وراپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کەهەندێ لەو تیرۆرانەی لەدژی کورد ئەنجام دراون، لەوانە تیرۆرکردنی مشعل تەمۆ، دەستی پەکەکەی تێدایە، بەتایبەتی کەتەمۆ مقۆمقۆی ئەوەی لەسەر بوو کەگوایە نۆکەری ئەردۆغانە.

کوردەکانی سوریا لەپاڵ باسکردنی شەبیحەی بەعس، باسی شەبیحەی کوردیش دەکەن کە بەجلی مەدەنییەوە، بەچەکەوە، پەلاماری کورد دەدەن، بەتایبەتی لەحەلەب ودەڵێن یەکێ لەهۆیەکانی ئارامیی حەلەب، رۆڵی تۆقێنەرانەی شەبیحەی کوردو عەرەبە کەگومان دەکرێ شەبیحە کوردەکان سەر بەپەکەکە بن.

رۆڵی پەکەکە لەدژی کوردە بەرهەڵستکارەکان لەلوبنانیش کاریگەرە. لەم هەلومەرجەی ئێستا کوردە سورییە بەرهەڵستکارەکانی دانیشتووی لوبنان فشاری سێ گرووپی چەکداریان لەسەرە کەهەرسێکیان دۆستی سوریان وبریتین لەپەکەکەو حزبوڵڵای لوبنان وحزبی تاشناقی ئەرمەنی. ئەمە بەم مانایە دێ کەپەکەکە مەسەلەکەی وەك مەسەلەی مان ونەمان وەرگرتووەو هیچ ئامادەییەکی وای نیشان نەداوە کەبەستراتیجەکەیدا بچێتەوە، بەواتایەکی تر، ئەمە بەم مانایە دێت کەستراتیجە دژ بەیەکەکان هەموویان لەناو سوریا رووبەڕووی یەکتری دەبنەوەو ئەوەی کە لەهەمووان زیاتر لەم پێکدادانەی ستراتیجە دژ بەیەکەکان زیانی بەر دەکەوێ، کوردی سوریایە.

# سوریا لە دووڕیانی ئەگەرە جیاوازەکاندا

هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی و پێکدادانی سەربازی لەنێوان بەشێك لە جیابووەکانی سوپا و لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی سوریا، هەروەها توندبوونی گوشارە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان، خەریکە ئاراستەی ڕووداوەکانی سوریا بەرەو دەروازەی ئەگەرە جیاوازەکان دەبات و مەزندەی چەندین ئاکامی خراپ لەسەر باری ناوخۆی سوریا و دەرهاویشتەی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە دەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر هەوڵێك نەدرێت بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ توندوتیژییەکان دابنرێت و ڕێگە لە هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی نێوان کەمینەی عەلەوی و زۆرینەی سوننە نەگیرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری دروست نەبێت، ئەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی سوریا بەرەو خراپتر دەچێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و دەرهاویشتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەریەك لە پرۆفیسۆر ئەلەم پایند و ئان ستیڤن کرد کە تایبەتمەندن لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانیان دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:





## ئان ستیڤن لیستیک بۆ گوڵان:

# کۆتایی ڕژێمی سوریا وەک چاوسیسکۆ خوێناوی دەبێت نەک بەشێوەیەکی ئاشتیانە وەک وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا

**پرۆفیسۆر ئان ستیڤن لیستۆك ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پەنسلڤانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی بەراوردکاری، بۆ قسەکردن لەسەر دواپێشهاتەکانی گۆڕانکاری و بەردەوامی توندوتیژییەکان لەسوریا و مەزندە و ئەگەرەکانی ئایندە بەتایبەتی کە ئێستا زۆر لەچاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن لەئاییندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەرچاو لەسوریا ڕوویدات، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر ئان ستیڤن کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا باس لەوە دەکرێت هەوڵەکان بۆ ڕووخانی ڕژێمی سوریا چڕدەکرێتەوە، ئایا پێتوایە ئەم هەوڵانە دەتوانن ڕژێمی سوریا بڕووخێنن؟**

- پێموایە ڕژێمەکەی ئەسەد دەڕووخێت و فشاری نێودەوڵەتی ڕوو لەزیادیش بەشێك دەبێت لەهۆکاری ڕووخانەکە، بەڵام باوەڕم وانییە ناتۆ بەچەشنی لیبیا ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات. ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن دەبێت. پێموایە دوو ساڵ هەڵسەنگاندنێکی مەعقولە.

*** تاچەند هەڵوێستی ئەم دواییەی کۆمکاری عەرەبی کە هەڵواسینی ئەندامیەتی سوریابوو لەو ڕێکخراوە مەزندە دەکرێت، هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێت، بەتایبەتی وەك دەستپێشخەریەکەی وڵاتانی کەنداو بۆ دەستاو دەستی ئاشتیانە لەیەمەن، ئایا تۆ سەبارەت بەم بۆچوونە چی دەڵێیت؟**

> **خراپتربوونی دۆخی سوریا هانی ڕژێمەکانی وەك، مەغریب، جەزائیر، ئەردەن و کوەیت دەدات بۆ ئەوەی خێراتر بیر لەئیدارەدانی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی بکەنەوە**

- ئەگەر ماوەیەکی دیکە بەسەر ئەم بارودۆخە بڕوات و گۆڕانکاری ڕوونەدات، ئەوا مەزندەکەم لەگەڵ هاتنی ساڵی تازە چەندین دەستپێشخەریی دەخرێنەڕوو، بەڵام پێشبینی ناکەم سەرکەوتووبن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە یەکێکیان بەشێك بێت لەو پرۆسەیەی کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد لەخۆدەگرێت. من پێشبینی دەکەم کۆتاییەکەی چەشنی کۆتایی ڕژێمەکەی چاوچیسکۆ لەڕۆمانیا بێت، نەك وەرچەرخانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە توندوتیژیەکی کەمتری بەخۆوە بینی.

*** وێڕای ئەوەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو زیاد دەڕوات، بەڵام دیسان هەڵوێستی چین و ڕوسیا ڕێگرە لەوەی بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەربچێت، ئایا ئەم هەڵوێستە چەند ڕێگرە لەبەردەم بڕیارێکی نێودەوڵەتی؟**

- ئاشکرایە هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتە لەبەر ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن و مافی ڤیتۆیان هەیە، ڕێگە لەئەنجومەنی ئاسایش دەگرێت لەدەرکردنی بڕیارێکی ڕوون کە مۆڵەت بەدەستیوەردانی ناتۆ بدات، پێموایە ئەم هەڵوێستە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەتوانای ڕژێمەکە بۆ مانەوە.

*** ئایا ئەم بارودۆخە سوریا بەرەو ڕووی مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی نابات، ئایا تا چەند دۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەردەچێت ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕوویدات؟**

- لەبەر ئەوەی عەلەویەکان و مەسیحیەکان تا ڕاددەیەك کەمینەگەلێکی بچووکن، ئەوا ئەگەری ئەوە لەئارادانییە شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری بەچەشنی ئەوەی لەلوبناندا ڕوویدا، لەسوریا ڕوویدات. پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە ئایا هێزە چەکدارەکان توانای ئەنجامدانی کردەوەکانیان لەناوچە غەیرە عەلەویەکان لەدەست دەدەن، یاخود ئایا ژمارەیەکی گەورەی سەرباز هێزێکی جیا و تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن. لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بەیەکگرتوویی سوپاوە، ئەوا گۆڕانی کتوپڕ ڕوودەدات کاتێك ئەفسەرەکانی سوپا ڕوو لەدەروازەی دەرچوون دەکەن کاتێك دەبینن ڕەشەبای گۆڕانکاری دژی ڕژێمەکە هەڵیکردووە.

*** ئایا لەم بارودۆخەدا نەتەوەیەکگرتووەکان ناتوانێت هەڵوێستێکی مرۆیی هەبێت و هێزی کڵاوشینەکان بۆ ڕێگرتن لەشەڕی ناوخۆ ڕەوانەی سوریا بکات؟**

- ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش هەڵوێست وەرنەگرێت، ئەمە ڕوونادات. تاوەکو ڕوسیا و چینیش سووربن لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان، ئەنجومەنی ئاسایش هیچ کارێك ناکات، بەڵام ئەگەر هەڕەشەی شەڕێکی ناوچەیی لەئارادا بێت، ڕوسیا و چین هەڵوێستەکانی خۆیان دەگۆڕن.

*** تا چ ڕاددەیەك مانەوەی دۆخی سوریا بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر سەقامگیری سوریا و ناوچەکە دەبێت؟**

- خراپتربوونی دۆخی سوریا هانی ڕژێمەکانی وەك، مەغریب، جەزائیر، ئەردەن و کوەیت دەدات بۆ ئەوەی خێراتر بیر لەئیدارەدانی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەئەنجامێکی هاوشێوەی سوریا لابدەن. باوەڕم وانییە ئیسرائیل دەستێوەردان بکات، بەڵام دۆخی عێراق ئەوەندە هەستیارە کە سەقامگیری لەوڵاتێکدا ڕەنگە ببێتەهۆی قووڵترکردنەوەی نائارامی لەوڵاتێکی دیکەدا. هاوپەیمانی ئێران لەگەڵ سوریا و بەرژەوەندی و نفوزی ئێران لەعێراق و لوبنان وا دەکەن سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە زۆر گرنگ بن. لەڕاستیدا ڕاپۆرتگەلێك هەن باس لەچوونی کەسانێکی لوبنانی دەکەن بۆ سوریا بۆ پشتیوانیکردنی ڕژێمەکە. تورکیا و ئێران زۆرترین دەستڕۆیشتوویی و زۆرترین توانایان هەیە بۆ ئەوەی بەشداریەکی ئیجابی بکەن. ئەگەر پێکەوە بەئەسەد بڵێن دەبێت بڕوات و زەمانەتی کەسەکانی و عەلەویەکان بکەن، ئەوا ڕەنگە دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کێشەکە چارەسەرە بکەن.

> **گۆڕانی کتوپڕ ڕوودەدات کاتێك ئەفسەرەکانی سوپا ڕوو لەدەروازەی دەرچوون دەکەن کاتێك دەبینن ڕەشەبای گۆڕانکاری دژی ڕژێمەکە هەڵیکردووە**

ئەلەم پایند بۆ گوڵان:

# ئەگەر بارودۆخی سوریا بگۆڕێت بۆ شەڕی ناوخۆیی نێوان سوننە و عەلەوی، ئەوا تەواوی سەقامگیری ناوچەکە دەکەوێتە مەترسیەوە

**پرۆفیسۆر ئەلەم پایند بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی ئۆهایو و پسپۆر و تایبتمەندە لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێوەندییەکانی نێوان ئەفغانستان و ئێران و دەوڵەتانی ئۆراسیا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای سوریا و هەوڵەکان بۆ دوورخستنەوەی توندوتیژی پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر پایند کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بەپێی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە و دابڕانی زیاتری سوریا لەجیهانی دەرەوە، زۆرێك لەوڵاتان پێشبینی ڕووخانی ڕژێمی سوریا دەکەن، واتە پێشبینیەکان بۆ ڕووخانی ئەم ڕژێمە لەزیادبووندان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتانوایە فشارە نێودەوڵەتیەکان ببنەهۆی کەوتنی ئەم ڕژێمە؟**

- ئەگەر لەمێژوو بڕوانیت، ئەوا هەندێ جار و تا ڕاددەیەکی دیاریکراو فشاری نێودەوڵەتی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام دەبێت کارێك بکرێت لەلایەن جامیعەی عەرەبیەوە، کە ئەمەش شتێکی گرنگە، هەروەها دەبێت لەناو سوریاشدا شتێك بکرێت، ئەگەر جیابوونەوەی نێو سوپا بەردەوام بێت و چڕتربێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە حکومەتی سوریا هەمان ڕێگەی حکومەتی میسر و تونس و لیبیا بگرێت. کەواتە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو فشاری دەرەکی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام دەبێت لەهەمان کاتدا گۆڕانێك لەناوخۆیی سوریاشدا ڕووبدات.

*** ئایا هیچ دەستپێشخەریەك لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبیەکان بۆ ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیانە لەسوریادا دەخرێتەڕوو، بەچەشنی دەستپێشخەری وڵاتانی کەنداو بۆ یەمەن، ئایا سوریا بەمە ڕازی دەبێت؟**

- دۆخەکە لەئێستادا بەم شێوەیە، حکومەتی سوریا بەو ئاستە فشاری بۆ نەهێنراوە، حکومەتی سوریا بەهەندێ مەرجی جامیعەی عەرەبی ڕزگاری بووە، بەڵام شایەتی ئەوەبووین کە بەکردەوە زۆرێك لەو مەرجانەی سوریا پێی ڕازی بووە، ئەوەبووە کە هێزەکانی لەشارەکاندا نەکشاندۆتەوە و کوشتنی مەدەنیەکانیش لەو ناوچانەدا بەردەوامە و ڕۆژانە خەڵکی زیاتر دەکوژرێن، کەواتە تا ئێستا گۆڕانێکی گەورە و گرنگمان نەبینیوە لەسیاسەتی حکومەتی سوریادا.

*** ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی کوژراوانی سوریا بەرز دەبنەوە و هێشتا ڕوسیا و چین لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایش بەرهەڵستی گۆڕانکاری لەسوریادا دەکەن، تا چەند هەڵوێستی چین و ڕوسیا دەبنەهۆی مانەوەی حکومەتی سوریا، کە ئەمەش بەمانای بەردەوامبوونی سەرکوتکاری و خوێنڕێژی دێت؟**

- ئێمە دەزانین لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا دوو دەزگا هەیە، ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی، لەئەنجومەنی ئاسایشدا ٥ وڵات مافی ڤیتۆیان هەیە، کەواتە چین و ڕوسیا هاوکاری لەگەڵ سێ وڵاتەکەیدا دیکەدا- کەبریتین لەئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا- ناکەن. من دڵنیام کاتێك مەسەلەکە دەگاتە کۆمەڵگەی گشتی، ئەوا زۆرینەی زۆریی وڵاتان پشتگیری لەکەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی سوریا دەکەن. هەروەها پشتگیری ئەوە دەکەن فشار لەسەر سوریا بکرێت بۆ وەستاندنی خوێنڕێژی و کوشتار، کەواتە ئەگەرچی کۆمەڵەی گشتی دەزگایەکی بەهێزتری نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام جۆرێکە لەڕای گشتی نێودەوڵەتی دژی ڕژێمی ئێستای سوریا.

**ئەگەر شەڕی ناوخۆ لەنێوان عەلەویەکان و زۆینەی سوننەکاندا ڕووبدات، ئەوا لەوڵاتەکانی لوبنان و بەحرەینیش بەهەمان شێوە دابەشبوونی شیعە و سوننە هەیە، واتە شیعە و سوننەکانی دیکە بێدەنگ نابن**

*** لایەنێکی دیکەی دۆخی سوریا بریتییە لەمەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لەسوریادا، تا چەند دۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەردەچێت ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕوویدات؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر هەلو مەرجەکە، ئەگەر خوێنڕێژییەکە بەردەوام بێت و جامیعەی عەرەبی فشار لەسەر سوریا دابنێت، ئەوا ڕەنگە پشتیوانی بەرهەڵستی ناوخۆیی دژی حکومەتی سوریا بکرێت، بەو شێوەیە پشتگیری دەرەکی بەدەست دەهێنن. لەئێستادا تورکیاش، پێشتر تورکیا نزیکترین دۆستی سوریا بوو، بەڵام ئێستا هەڵوێستێکی زۆر بەهێزی هەیە لەدژی حکومەتی سوریا، سەرۆك وەزیرانی



تورکیـــاش ڕایگەیاند کە بەشـــار ئەســـەد لەسەر خوێنڕێژی دەژێیت، کەواتە تەنانەت تورکیاش ئەم کارە دەکات، لەبەر ئەوە سوریا پشتیوانیەکی زۆری نییە لەدەرەوە. تەنانەت ئێرانیش زۆر خۆشحاڵ نییە بەبارودۆخەکە. ئەگەر خوێنڕێژی و کوشـــتار لەســـوریادا بەردەوام بێت، ئەوا هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ لەئاسۆدا دەردەکەوێت.

*** ئەنجومەنی نیشتمانی سوری پێشنیاری دەســـتێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد بۆ ئەوەی هێزی ئاشـــتیپارێز ڕەوانە بکات بۆ وەســـتاندنی توندوتیژی و پاراســـتنی مەدەنیـــەکان، تـــا چ ڕاددەیـــەك پێتوایە هێزەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان بتوانن ئەم ئەرکە ئەدا بکەن؟**

- هەندێ جـــار هێزە ئاشـــتیپارێزەکانی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان یارمەتیـــدەرن و لەهەندێ حاڵەتـــی دیکەدا زۆر یارمەتیدەر نین. با نموونەی لوبنـــان وەرگرین لەنێوان فەلەســـتینی و ئیســـرائیلیەکاندا، کە هێزە ئاشـــتیپارێزەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان ئەدایەکی باشـــیان نەبوو، بەڵام لەهەندێ حاڵەتی دیکەدا ئەدایەکی باشـــیان هەبوو، بۆ نموونە لەبۆسنیا. ئێمە دەزانین ١٥ ساڵ شەڕی ناوخۆیی لەلوبناندا هەبوو، لەساڵی ١٩٧٥-١٩٩٠ کـــە لەکۆتاییـــدا جامیعەی عەرەبی کێشەکەی چارەســـەرکرد، کەواتە ئەگەر جامیعەی عەرەبی هەڵوێســـتێکی بەهێز بگرێتەبـــەر، ئەوا جامیعەی عەرەبی شوێنێکی باشتر دەبێت، ڕێکخراوێکی باشتر دەبێت و دەزگایەکی نێودەوڵەتی باشتر دەبێت لەهێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمـــە ڕای منە کە جامیعـــەی عەرەبی ئەتوانێت کارێکی باشـــتر بکات، بەڵام تا ئێســـتا جامیعەی عەرەبی هەڵوێســـتێکی زۆر بەهێـــزی وەرنەگرتووە لەدژی ڕژێمی ئێستای سوریا.

*** تا چ ڕاددەیەك مانەوەی دۆخی سوریا بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر سەقامگیری سوریا و ناوچەکە دەبێت؟**

- زۆر گرنگـــە، ئێمە هەموومان دەزانین لەسوریا کەمینەی عەلەویەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە کە ناگونجێت لەگەڵ قەبارەی خۆیاندا و زۆرینەی سوننەکان دەسەڵاتێکی کەمتریـــان هەیە، ئەمەش زەمینەیەکی زۆر باشە بۆ کارەسات، کە کەمینە حکومڕانی زۆرینـــە دەکات و تا ئێســـتاش بەســـەدان و هەزارن کەســـی کوشـــتووە، کـــە بەپێی ئامارەکان ٣٧٠٠ کەسن و چەندین ئافرەتیش لەســـوریادا کوژراون، کە ئەمە ژمارەیەکی گەورەیـــە و بەردەوامیـــش لەزیادبووندایە، ژمـــارەی قوربانیـــەکان زیـــاد دەکات و خوێنڕێژیش بەردەوامـــە، کەواتە ئەگەری شەڕی ناوخۆ هەیە و ئومێد دەکەم نەگاتە ئەو ئاستە، ئەگەر شـــەڕی ناوخۆ لەنێوان عەلەوی و ســـوننەکاندا ڕووبـــدات، ئەوا حکومەتی سوریا دەڕووخێت و ئومێد دەکەم خەڵکی تۆڵە لەپشـــتیوانەکانی حکومەتی ســـوریا نەکەنەوە، بەتایبەتی عەلەویەکان و کەمینەکانی دیکە. ئەگەر شـــەڕی ناوخۆ لەنێوان عەلەویەکان و زۆینەی ســـوننەکاندا ڕووبدات، ئـــەوا لەوڵاتەکانی دیکەشـــدا، لەلوبنان دابەشبوونی شیعە و سوننە هەیە، لەبەحرەینیش بەهەمان شـــێوە، واتە شـــیعە و ســـوننەکانی دیکە بێدەنگ نابن، کەواتە ئەم ئاگرە و ئەم تەحەددیە لەناو ســـوریادا نامێنێتەوە، بەڵکو ســـنووری سوریا دەبڕێت و ڕەنگە بگاتە وڵاتانـــی دیکەش، کەواتە هیچ وڵاتێك ســـەلامەت نابێت، لەبەر ئەوە من ئومێد دەکەم شـــەڕی ناوخـــۆ لەنێوان شـــیعە و ســـوننەکاندا ڕوونەدات، چونکە ئەمە دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ هەموو وڵاتـــان لەنێویانـــدا عێراق، هـــەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە جامیعەی عەرەبی زۆر نیگەرانە کە دەبێت ئەم کێشـــەیە چارەسەر بکەن پێش ئەوەی ببێتە کێشـــەیەکی گەورە بۆ ناوچەکە.

**ئەگەر جیابوونەوەی نێو سوپا بەردەوام بێت و چڕتربێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە حکومەتی سوریا هەمان ڕێگەی حکومەتی میسر و تونس و لیبیا بگرێت**



دواترین بازنەی توندوتیژی لە نێوان پەکەکەو سوپای تورکیادا لە مانگی تشرینی یەکەمدا، بە مانای شکستی هەوڵە مێژووییەکەی سەرۆك وەزیران ئەردۆغان هات بۆ کۆتایی هێنان بەم ناکۆکییە کە تەمەنی سێ دەیەیە. ناکۆکییەکە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٤دا لە دژی حکومەتی تورکیا دەستی دایە چەك و داوای جیابوونەوەی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای کرد. لەو ماوەیەدا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا بڕیاری فەرامۆشکردنی بوونی کوردیاندا وەك گرووپێکی ئیتنی جیا (کە ژمارەیان زیاتر لە ١٤ ملیۆن کەسەو یەك لەسەر پێنجی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن) زمان و کەلتوورەکەی قەدەغەکردن، دەرئەنجامە نەخوازراوەکەشی دابەزینی ئاستی ژیانیان بوو، کە بووەهۆی ئەوەی ببنە هەژارترین خەڵکی وڵاتەکە.

ئەم هەڵوێستەی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا نەهات تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٢دا نەبێت کاتێك پارتەکەی ئەرۆدغان (ئەك پارتی) دەسەڵاتی گرتەدەست و ئەجینددایەکی ئیسلاحی هەبوو، ئەم ئەجیندایەش تەنیا کارتێکی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی هەمەلایەنە و لەسەر پێوەندی نێوان ئاك پارتی و پەکەکە هەبوو، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا. ئەم ئاڵوگۆڕە پێش هەموو شت، یەکەم: پەیامێکی گەیاندە هاوڵاتیانی تورك کە دوای ٢٠ شاڵ لە پەنابردن بۆ هیزی چەکداری زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس کوژراون و ملیارەها دۆلاریش خەرج کراوە و کێشەکەش چارەسەر نەکراوە. هۆکاری دووەم: ئەوەبوو دامەزراوەی سیاسی لە ئەنقەرە لەوە ترسان کە هەمان سیناریۆی کوردستانی عێراق دووبارە بێتەوە، ئەمەش واتە لە ئاکامی بەردەوامی چارەسەری سەربازی ببێتە هۆکاری ئەوەی نەوای ئارامیش لەناو تورکیا دروست بکرێت، هەروەك چۆن لەناو عێراق بۆ پاراستنی مەدەنیەکان دروستکرا، ئەم حاڵەتەش بۆ تورکیا کارێکی قورس بوو بەتایبەتی کە تورکیا ئامانجی ئەوە بوو بێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. هۆکاری سێهەم ئەوەبوو دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩٩، پەکەکە شێوازێکی میانرۆیی لە هەڵوێستەکانی وەرگرت، پاش ئەوەی ئۆجەلان لە زیندانەوە بانگێشەی بۆ ئەوە کرد کۆتایی بە توندوتیژی بهێنریت و چالاکانە هەوڵبدریت بۆ بەدەست هێنانی مافە سیاسیەکان لە چوارچێوەی تورکیا لەبری هەوڵدان بۆ جیابوونەوە. هەربۆیە ئەم هۆکارانە وایکرد کە حکومەکەی ئەردۆغان و ئاك پارتی دەرفەتێکی ڕاستەقینە وکاتێکی گونجاویان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کوردی وڵاتەکە بێتە بەردەست.

هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە چەندین چاکسازی ئەنجام دراون، لە نێویاندا نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا کە بوار بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات دەدات، لەگەڵ گۆڕینی ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر ئاستی لۆکاڵ و لەناو قوتابخانەکان و بواری پەخشکردندا، بەڵام دەرئەنجامگەلێکی بەرجەستەی کەم بەدەستهێنراون، ئەمە سەرەڕای دەستپێشخەر یەکەی ئەردۆغان «کرانەوەی دیموکراتی» لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ئەوا هەست دەکرێت لەم دوایانەدا شایەتی پێچەوانەوەبوونەوەی پرۆسە سیاسیەکە بووین، کە بووەهۆی ئەوەی تورکیا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ خوێنڕێژی ساڵانی نەوەتەکان.

حکومەتەکەی ئاك پارتی ئامادەنییە ئیعتیراف بە پەکەکە بکات وەك شەریکێك لە گفتوگۆ ڕەسمیەکانداو بەردەوامە لە گۆشەگیرکردن و دوورخستنەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، دادگای دەستوری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەڵوەشاندەوە کە پارتێکی پشتیوان بە کوردەکان بوو، بە پاساوی ئەوەی باڵی سیاسی پەکەکەیە. دواتر قەزا، کورسیەکانی لە ئەندام پەرلەمانە کوردەکان وەرگرتووەو تەرخانی کرد بۆ ئاك پارتی.

لە دەرئەنجامدا، ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی دیکە موقاتەعەی پەرلەمانیان کردو دەستیان کرد بە هەڵمەتێك بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ حکومەتە مەحەلیەکە. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١١، ئەردۆغان بە ئاشکرا هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی ناسیۆنالیستە توندەڕەوەکانیدا، باسی لەوەش کرد، ئەگەر ئەو کاتەی ئۆجەلان دەستگیرکرا ئاك پارتی لە دەسەڵاتدا بووایە، ئەوا ئیعدامی دەکرد. لە هەمان کاتدا، زۆرێك لە چاودێرە تورکەکان باس لەوە دەکەن کە دەستگیرکردنی کەسایەتیە دیارەکان و ڕۆشنبیرەکانی کورد بە بیانووی هەبوونی پێوەندی بە پەکەکەوە بۆتە ڕۆتین لەلایەن حکومەتەوە.

بۆچی حکومەتەکەی ئەردۆغان کە پێدەچێت حکومەتێکی ئیسلاحخواز بێت شکستی هێناوە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی و لە هێنانەدی چارەسەرێکی دادپەروەردانەدا؟ ڕەنگە وەڵامەکە لەو بەرەوپێشچوونە هاوکاتانەدا بێت کە سەرکردەکانی ئاك پارتیان دوورخستۆتەوە لە تەرکیزکردن لەسەر کێشەی کورد. هۆکاری ئەمەش پێش هەموان ئەوەیە کە ئەردۆغان و پارتەکەی هەست بە سەلامەتیەکی زیاتر دەکەن و هەست دەکەن کەمتر ناچارن سازش بکەن، ئاك پارتی سابیقەیەکی مێژوویی تۆمارکرد لە بردنەوەی سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە دوای یەکدا. لەوەش زیاتر، حکومەتەکەی

# چارەسەری ناکۆکی تورک ـ کورد لە چاکسازی سیاسی دادپەروەرانەدایە

ئالۆن بن مایەر*
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەردۆغان توانیویەتی باسکی سوپا لاواز بکات(کە هەمیشە ڕکابەری سەرەکی بووە) و وا لە وڵاتەکەش بکات ببێتە یەکێك لەو وڵاتانەی جیهان کە خێراترین گەشەی ئابووری تێدا ڕوودەدات. بە هەمان شێوە لە کاتێکدا بۆ چەندین ساڵە ئارامییەکی ڕێژەیی باڵی بەسەر باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کێشاوە، ئەردۆغان ئاراستەی وڵاتەکەی گۆڕی لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا(کە بەلای ئەوە تەنیا سەرابێك بوو)، بۆ هەژموونی ناوچەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە سەروبەندی بەهاری عەرەبدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك ئەو توندوتیژیانەی بەم دواییە سەریانهەڵدا سەلماندیان، چاکسازی ڕواڵەتی و بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکان تەنیا دەبنەهۆی درێژکردنەوەی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە کە دۆخێکە بە شێوەیەکی مەترسیدار خراپتر دەبێت.

لە ڕاستیشیدا، ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، ئەردۆغان و حکومەتەکەی هەموو پاڵنەرێکیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لەوانە،یەکەم: بەهاری عەرەب لەلایەن ئەردۆغانەوە بەکارهێنراوە بۆ ڕەواج پێدانی ئەوەی پێی دەوترێت مۆدێلی تورکی بۆ سەرکردایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕەنگە ئەمە دژی خۆی هەڵگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی ڕەنگە ببێتەهۆی گوڕو تین بەخشین بە کوردەکان بۆ ئەوەی «بەهاری» خۆیان بەرپا بکەن.

پرسیارەکان لەبارەی میسداقیەتی ئەرۆدغانەوە سەرهەڵدەدەن وەك سەرکردەیەکی کە دەیەوێت هەندێ بەها هەناردەی دەرەوە بکات لە کاتێکدا لە ناوخۆدا سەرکوتیان دەکات: ئازادی، مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی. محەممەد ئەمین یاك، کە فەرمانبەری حکومیە دەڵێت «شتێکی باشە کە دەبینین ئەردۆغان کار بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، بەڵام لەم ناوچەیەدا خوێنڕێژی هەیە.» گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە بە پێی ڕاپۆرتەکان بەشار ئەسەد لە سوریا دەستی کردووە بە پشتیوانی کردنی بزووتنەوەی کوردی لە سوریا بۆ سزادانی ئەردۆغان لەبەرامبەر ناڕەزایی دەربڕینی لە ئاست سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران لەلایەن حکومەتەوە (سوریا). دووەم، بازنەی توندوتیژی ڕوو لەزیاد لەلایەن پەکەکەوە بۆی هەیە بڕژێتە قازانجی سوپای باڵکراوی تورکیاوە و دووبارە هەیبەتی بۆ بگەڕێنێتەوە لە ڕێی بەردەوام بوونی ناکۆکیەکەوە. ئەردۆغان ڕووبەڕووی ئەگەرێکی گەورەی دووبارە بەهێزبوونەوەی سوپا دەبێتەوە کە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ سڕینەوەی ئەو هەوڵەی چەندین دەیەیە خستۆیەتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری سوپا لەسەر سیاسەت و تێکشاندنی دەرفەتەکانی گرتنەبەری ئەجێندای چاکسازی.

لە کۆتاییدا، هەروەك ئەردۆغان ڕایگەیاند، «ئەگەر ئەمە پەیوەست بێت بە سیاسەتەوە، ئەوا دەبێت لە پەرلەمان یەکلابکرێتەوە». نووسینەوەی دەستورێکی نوێ لە بەرنامەی پەرلەمانی ئێستادایە، کە دەرفەتگەلێکی جیددی دەخولقێنێت بۆ ئەندامدانی چاکسازی درێژخایەن کە مافە بنەڕەتیەکان بۆ کەمینەی کورد دابین بکات، لە کاتێکدا بە تەواوەتی پابەندیان بکاتەوە بە یەکێتی نەتەوەیی و یاسا دەستوریەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك پێشمەرجێك، دەبێت حکومەت ڕازی بێت بەوەی پەکەکە وەك شەریکێکی گفتوگۆکان بناسێنێت و دەست لەو داوایە (لە ئێستادا) هەڵبگرێت کە پەکەکە چەك دابنێت. ئەو کاتە تەرکیزەکە لەسەر وەستاندنی توندوتیژی دەبێت، کە ئەمە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بەڵێندانی ئەرۆدغاندا بەوەی «سەردەمی نکۆڵێکردن لە بوونی نەتەوەی کورد بەسەرچوو».

پێداویستی و ئەگەرێکی مەزن هەیە بۆ ئەوەی لە ئێستادا کۆتایی بەم ناکۆکیە بهێنرێت، بە تایبەتی لەبەر ئەو ڕاستیەی کە پێدەچێت هەردوولا تەفزیڵی چارەسەرێکی ئاشتیانە و درێژخایەن بکەن. ئەمیر ئەکتار، کە پشتیوانێکی تورك و سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی شاری دیاربەکرە، کە گەورەترین شاری کوردییە لە باشووری ڕۆژهەڵات، ڕایگەیاند کە کاتی «شکاندنی بازنەی توندوتیژی هاتووە لەلایەن هەردوولاوەو کاتی ئەوە هاتووە هەردوولا دەست بە گفتوگۆ بکەن.» لەبری هەناردەکردنی مۆدێلی دیموکراسی تورکی، پێویستە حکومەتەکەی ئەردۆغان پەرۆشانەتر و قووڵتر لە دانیشتووانە کوردەکەی بڕوانێت، کە ئەندامەکانی شایستەی ئەوەن، بە چەشنی تێکڕای هاووڵاتیەکانی دیکە، دەرفەتی یەکسان و ئازادی مومارەسەکردنی کەلتور و زمان و پرۆسەی پەروەردەی خۆیان بکەن بەو شێوەیەی بەگونجاوی دەزانن.

ئەگەرنا کێشەی کورد وەك کۆسپێکی جیددی دەمێنێتەوە لەبەردەم مۆدێلی تورکی بۆ دیموکراسی و تەگەرەیەکی بەردەوام لەبەردەم سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە ڕووی جیۆستراتیجیەوە ناوچەیەکی گرنگە، کە تێیدا کوردەکان نەك تەنیا لە تورکیا، بەڵکو لە سوریا و عێراق و ئێرانیشدا دەژین.

* * *

*** پرۆفیسۆرە لە پێوەندییە نیودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرك و یەکێکە لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان کە بەردەوام نووسین و بیربۆچوونەکانی لەمیدیاکانی جیهان بڵاو دەبێتەوە.**

کامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ(گوڵان):

# ئەمساڵ یەکەی نیشتەجێ بۆ کرێچی و کەمدرامەت دروست دەکەین و تا ١٠ ساڵ کڕین و فرۆشتنی لەسەر ناکرێت

ڕێگاوبان و نیشـــتەجێکردن لەهەر وڵاتێکدا دوو بواری گرنگی پەرەپێدانی ئابوورین، لەکوردستانیشـــدا ئەم دوو بوارە کەموکوڕی پێوەدیارەو هەنگاوەکانی حکومەتیش نەیانتوانیوە بەپێی پێداویستی و خواستی هاووڵاتیان پەرە بەم دوو بوارە بدەن، تەنانەت ئەو کۆمپانیانەشـــی لەمبوارەدا کار دەکەن زۆربەی جار لەو ئاســـتەدا نین تا لەڕووی جۆرو چەندایەتیەوە کاری گـــەورەو باش ئەنجام بدەن. ئەمڕۆ پێویســـتیمان بە ڕێـــگای خێراو ئەندازیاری پێشـــکەوتوو باڵەخانەو پرۆژەی نیشتەجێبوونی زیاتر هەیە، پرۆژەی وا کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون.

وەك گۆڤاری گوڵان ســـەردانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشـــتەجێکردنمان کردوو، لەنزیکەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



*** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کار دەکات کە ئەویش ڕێگاوبان و نیشتەجێکردنە، ئایا دەکرێت بووترێت ئێستاکە وەزارەت خاوەنی یاسایەکی پێشکەوتووە کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی هەرێم و ئاواتەکانی خەڵکیدا لەم دوو بوارە دەگونجێت ؟**

- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەپێی ئەو یاسایەی هەیەتی ئەرك و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی دوو تەوەری سەرەکیی خۆی دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم دروستکردنی ڕێگاوبانەکانە.

بواری بیناسازیش تەوەری دووەمیانە کە دوو بەش لەخۆ دەگرێت، بەشێکی هەمموو ئەو بینایانەن کە حکومین یا خزمەتگوزارین و ئەرکی جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنیان بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەسپێردرێت، هەروەها ئەرکی وەزارەتە لەبواری نیشتەجێکردنیش خانوو یا یەکەی نیشتەجێبوون بەشێوازی جۆراوجۆر دروست بکەین، لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی یاسایی ژمارە٧ی ساڵی٢٠٠٨ بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە سنووری هەر سێ پارێزگای هەولێرو دهۆك و سلێمانی بودجەیەکی دیاریکراو تەرخانکراوە لەدوای ئەوەی پرۆسەی نەخشەسازی و دەرخستەو تەندەری بۆ کراوە ئێستاکە لە هەر سێ پارێزگادا لە قۆناغی جیاوازدان و لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی پرۆژەکە بەرەو قۆناغی سپاردن و گرێبەست دەڕوات و لە دهۆکیش لە پرۆسەی تەندەرکردن دایە. سەبارەت بەیاساکەی وەزارەتیش بەڵێ یاساکە پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە چونکە بەپێی ئەو پێشهات و شێوازەی کە دەمانەوێت لە داهاتوودا لەسەری بڕۆین ناگونجێت، بەڵام لەم کارە پەلەمان نەکردووە، لەبەرئەوەی کە بەتەواوەتی ئێمە هەمموو ئەو چەمکانەی کە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕوون ببێتەوە تا بتوانین لەسەر ئەو بنەمایە هەموارکردنەکە بکەین.



هەروەها کاتێك کە باس لە دەرخستەو نەخشەسازی پرۆژەکان دەکەین بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێك لەگەڵ هەردوو سەندیکای ئەندازیاران و یەکێتی ئەندازیاران بۆ ماوەی ٦مانگ دانیشتن و کۆبوونەوەمان ئەنجامدا تاوەکو ئەنجامەکەی بەوە کۆتایی هات پەیڕەوی نووسینگە ئەندازیارییەکان دەرچوو، لەمەودوا کارێکی باشمان کردووە لە بواری نەخشەسازی و دەرخستەدا، چونکە بەرپرسیارێتییەکی یاسایی دەکەوێتە سەر ئاستی نووسینگەکان.

*** بڕیار وا بوو بۆ کەمکردنەوەی هاوکاریکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون و کرێچیان سندوقی نیشتەجێبوون بکرێتەوە، ئەمە بەکوێ گەیشت؟ ئایا پێت وانییە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە؟**

- دروستکردنی خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون بودجەیەکی زۆری پێویستە، هاوکات چەندین سێکتەری تر هەیە وەکو کارەباو ئاو و پەروەردەو تەندروستی و.. بودجەی زۆریان دەوێت و لەلایەن حکومەتیش وەکو ریزبەندییەك هەر لە کابینەی پێنجەوە تا ئێستا درا بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کارەباو ئاو، دیارە بواری نیشتەجێبوونیش بوارێکە دەبێت ئاوڕی لێبدرێتەوە، بۆیە حکومەت لەو کاتەوە وەکو سیاسەتێك بیری لێکردوە کە کەرتی تایبەت بێنێتە ناوەوە ئەوان کار لەم لایەنە بکەن، بۆیە لەژێر چەتری یاسایی وەبەرهێنانەوە پرۆژەی نیشتەجێبوون یەکەم جار سنووردار نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو چین و توێژەکان بوو، بەڵام لەپاشان هات سندوقی نیشتەجێبوونی دانا کە پێشەکییەکی کەم بدرێت و لە ڕێگای ئەو سندوقەوە هاوکاری هاووڵاتیان بکرێت، من دڵنیام لەوەو ڕەنگدانەوەکەشی دیارە بەتەواوی و کاریگەریەکی باشی هەبووە چارەسەرێکی باشی کێشەکەشی کردووە، بەڵام ئایا بێ کەموکوڕی بووە؟ نەخێر بێ کەموکوڕی نەبووە و ناتوانین گشتگیری بکەین بە ڕەهایی بڵێین هەمموو پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە کراوە زۆر زۆر باشن و ناشتوانین بڵێین باش نییە.

*** سەرپەرشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان خرایە ئەستۆی وەزارەتەکەتان، ئایا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بودجەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەبەردەستدایە ؟**

- ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان پێویستی بە خەرجی کارگێڕی هەیە بۆ دەرماڵەو هاتوچۆو هەندێ کارو خەرجی تر، بۆ ئەو پارەو

**لە هەر سێ پارێزگای هەرێم ١١٠٠یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکەین و بڕی ٤٩ملیار دیناری بۆ دابینکراوە**

خەرجییەش داوا لە وەزارەتی دارایی کرا و تا ئەو ڕێنمایە تازەیە دەرچوو ئەوە هیچ بودجەیەك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکرابوو، بەڵام بە دەرچوونی ئەو ڕێنماییە چارەسەری ئەوەش کراوە، ئەوەش بەوەی ئەو کەسەی دێت یەکەی نیشتەجێبوون بەپێی ئەو ڕێنماییە دروست دەکات پێویستە دەکات لەلایەن نووسینگەیەکی ئەندازیاری ڕێگا پێدراوەوە بەپێی ئەو پەیڕەوەی کە لە مانگی ٨ی ٢٠١١ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەبڕیارێك دەرچووە نەخشەسازیەکەی بۆ بکرێت و وردبوونەوە و پێداچوونەوەشی لە نووسینگەیەکی تر بۆ بکرێت و کاتی سەرپەرشتیکردنیشی لەلایەن نووسینگەیەکی تر بێت و ئەو ئەرکانەمان کە داوەتە ئەو نووسینگانە کە لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆیان و ئەرکەکەی و دابینکردنی بودجەکەش نایێتە قورسایی لەسەر شانی حکومەت.

*** بۆچی پرۆژەی نیشتەجێبوونی چیڤیك لەر سەرکەوتوو نەبوو، دواتر بەپارەیەکی زۆر درا بەکۆمپانیایەکی تر (فلۆرریاستی)؟**

- زۆر پرۆژەمان هەبوو لە کوردستانە نەك تەنیا ئەو پرۆژەیە کە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستە و کەلوپەلی بیناسازی و نرخی

**یاسای وەزارەتمان پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە**

کارەوە زۆریان تووشی گرفت و چەقبەستوویی بوون، ئەو پرۆژەیەش(چیڤیك لەر) هەر بەهۆی ئەو هۆکارانەوە تووشی گرفت و چەقبەستوویی بوو و پرۆژەکە ڕاگیراو لەکاتێك کە پرۆژەیەك ڕادەگیرێت بەپێی یاساو مەرجە گشتییەکانی بەڵێندەرایەتی پێویست دەکات کار کێشانەوەی لێ بکرێت و جارێکی تر بودجەی بۆ دابین بکرێتەوە بۆ دەست پێکردنەوەی، لەبەر ئەوەی لەو کاتدا ئێمە سیاسەتی دروستکردنی یەکە نیشتەجێبوونمان هەمووی جێ کردبۆوە لەژێر چەتری یاسایی وەبەرهێنان و نەدەکرا بە دوو شێوازی جیا بێین یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەین، بۆیە بڕیاردرا ئەو پرۆژەیە لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە ئەنجام بدرێت بە مەرجێ وەبەرهێنەکە ئەو بودجەی پێشتر کە لەلایەن چیڤیك لەر خەرجکراوە و بودجەی حکومەت بووە بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت و ئەوەی تریش کە دروستی دەکات وەبەرهێنەکە خۆی بیفرۆشێتەوە، ئەوەش بیرۆکەیەك بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرۆژەیە تاوەکو خەرجی زۆر نەکەوێت، بەڵام لە ناو ئەوە پرۆژەیەدا هەندێ لە یەکەی نیشتەجێ لەکاتی خۆی دیاریکرابوو بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای پارێزگای هەولێرەوە





## لەهەرێم چەندین پرۆژەی نیشتەجێبوونمان وەکو پرۆژەی چیفیك لەر هەیە کە تووشی چەقبەستوویی بووە

بدرێت بەو کەسانەی کەم دەرامەتن یا دەرامەتیان سنووردارە، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار پێکهاتووە و بڕیار وایە ژمارەیەك لەو یەکە نیشتەجێیانە دروست بکرێتەو و بەهەمان ئەو شێوازەی کە پێشتر پەیڕەو کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەکاتی خۆی بڕیاربوو لە پارێزگای هەولێر پێیان بدرێت.

*** ئامانجی سەرەکی پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەو گوندانەی کە لەناو سەنتەری شارەکان دایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون بوو، تاوەکو نرخی خانوو و زەویش کەم ببێتەوە، بەڵام واقیعی ئێستای بازاڕ دەبینین ئەو پڕۆژانە چارەسەری ئەزمەکەی نەکردووە، ڕای تۆ لەسەر ئەم گرفتە چییە؟**

- ئەو پڕۆژانەی نیشتەجێبوون دروست نەکرابووایە نرخی خانوو ئێستا زۆر گرانتر دەبوو، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەو پڕۆژەی خانوو و یەکەی نیشتەجێیانە ئامانجی خۆی پێکاوە، بەڵام ئەو گرانییەی کە ئێستاکە هەیە پێوەندی بە باشبوونی داهاتی خەڵکەوە هەیە، بە تەئکید لە چەند ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی باش خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون دروستکراوە و دیارە کە بازرگانی پێوە دەکرێت و بەمەش نرخەکەی بەرز دەبێتەوە و ئەمەش بەڵگەیەك دیاری دەکات کە ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانەی دروست دەکرێت ژمارەو ڕێژەکەی کەمترە لەچاو ئەوەی کە پێویست و داوای لەسەرە، بەڵام ئەمساڵ بەپێی یاسایی ژمارە٧ی ٢٠٠٨ کە بودجە بۆ پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون دابینکراوە، ئەوە ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و سنووردارە و ئەو پڕۆژەیە لە هەر سێ پارێزگای هەرێم دروست دەکەین ١١٠٠یەکەی نیشتەجێبوونە و بڕی ٤٩ملیار دیناری بۆ دابینکراوەو لە ساڵانی داهاتوودا بڕی بودجەی چوار بەرانبەر بەو بودجەیەی ئێستا بۆ پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان دەکەین و تا ئێستا کێشەی نیشتەجێبوونی چین و توێژێك هەیە چارەسەرمان نەکردووە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، ئەو چین و توێژو کەسانەن هیچ پێشەکییەکیان نییە بیدەن بە خانوویەك بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە کرێچیایەتی، گەرچی لەم یاسایەدا کەسی سوودمەند یا ئەوەی ئەو یەکە نیشتەجێیانە وەردەگرێت هیچ پێشەکییەك نادات و ئەو ڕۆژەی کە دەچێتە ناو خانووەکە دەست بە پارەدان دەکات بە مانگانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، ئەو کەسەی ئەو یەکەی نیشتەجێیانە وەردەگرێت بۆ ماوەی ١٠ساڵ ناتوانێت کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات.

*** تاچەند لەڕووی ئەندازیارییەوە لە دروستکردنی ئاپارتمان و تەلارسازی لەهەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوون، بۆچی مۆرکی کوردی بەو تەلارانەوە دیار نییە؟**

- ئەگەر وەکو ئەندازیارێك وەڵامت بدەمەوە، پێش ئەوەی وەکو وەزیرێك قسە بکەم، ئەوە من پێموایە ئێستا شێواندنێکی نەخشەسازی لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەم لە ڕووی بیناکانەوە کەیەکێکیان زۆر بەرز بەتەنیشتیەوە یەکێکی نزم دروست دەکرێت، هەم لە ڕووی ئەو کەرەستەی بیناسازیانەوە کە بەکاردێت بۆ جوانکاری دەرەوەی بیناکان، بۆ لەمەودوا پێویست دەکات زۆر بە وردی بیر لەوە بکرێتەوە کە پێوەرو بنەماکانی بیناسازی لە کوردستانە بتوانرێت جێگیرو دیاری بکرێت، ئەوەش لە ڕاستیدا بەپێی ئەو یاسایەی کە هەیە ئەرکی سەرشانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە کە ماستەرپلان دادەنێت و پێوەرەکانی بیناسازی لە ناو سەنتەری شارەکان دیاری دەکات، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریش بەپێی ئاگاداری من و ئەوەی لە جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارم بیستووە سەرقاڵی ئەو پرۆسەیەن کە پێوەرەکان لە مۆڵەتدانی بیناسازی گشتگیر بکەن.

*** یەکێك لەو بوارانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە جێگای ڕەخنەیە ئەو پڕۆژەی ڕێگاوبانانەیە کە پاش ماوەیەك تێکدەچێت، ئایا ئەمە هۆکاری خراپی قیرەکەیە یا بەڵێندەرەکە بە باشی ئەنجامی نەداوە؟**

- خراپ بوونی شەقام و ڕێگاکان پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە و ناتوانین بڵێین شەقامەکان خراپن، لەبەر ئەوەی بەڵێندەرەکان خراپن، بەڵام خۆ ئێمە خاوەن کارین، بەڵێندەرایەتی لە هەر بوارێکدا بێت بەپێی ئەو مەرجانە پیادە نەکرێت کە گرێبەستەکەی لەسەر ئەنجامدراوە، ئەوە بێگومان بەڵێندەرەکە ئیشەکەی لێوەرناگیرێت، ئەگەر باسی واقیعی ئێستا لەمبارەوە بکەین ئەوە لەگەڵ ئەو ڕەخنەو گلەییانەم، بەڵام ئەوەش بە ڕەهای و گشتگیری نییە، هەر بۆ نموونە ڕێگای هەولێر – پردێ لە مانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٠ەوە بەکاردەهێنرێت و شەو ڕۆژ هاتوچۆی لەسەرەو تێکنەچووە، یەکێك لەو هۆکارانەی کە وادەکات شەقام و ڕێگاکان تێك بچن زۆری ئۆتۆمبێلە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەسەر ڕێگای هەولێر-پردێ یا دوکان – سلێمانی کە لە شەو و ڕۆژێکە هاتوچۆیان کردووە لە نێوان ٣٠٠تا٥٠٠ ئۆتۆمبێل بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ بەپێی ئەو داتایانەی کە ماستەرپلانی ڕێگاوبانەکان بۆ ئێمەی هێناوەتەوە لە هەمان ئەو ڕێگایانە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە شەو و ڕۆژێکدا لە نێوان ٢ بۆ ٥هەزار بووە و ئێستا لەهەمان ئەم دوو ڕێگایەدا شەو و ڕۆژ هەیە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاتوچۆ دەکەن

## دەبێت شەقام و ڕێگاکان لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ بگونجێنین و پێوەری دیزاینەکان بگۆڕین و چینەکانی ژێر قیرەکە تۆکمەتر و باشتر بکرێت





دەگاتــە ٨٠٠٠ئۆتۆمبێل، جگە لەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان زۆر زیادیکردووەو ئەو لۆری و گەڵابە بارهەڵگرانە ژمارەی ئەکسلەکانیشیان زیادیکردووەو لەکاتی هەڵگرتنی بارەکانیش زیاد هەڵدەگرن و لە کاتی ڕۆیشتن هەموو ئەکسلەکانیش بەکارناهێنێت، ئەمەش واقیعەو هاتۆتە پێش و دەبێت ئێمە شــەقام و ڕێــگاکان لەگەڵ ئــەم بارودۆخە بگونجێنین و دەبێت پێوەری دیزاینەکانی لەسەر دەکەین بگۆڕین و پێویســتە چینەکانــی ژێر قیرەکــە تۆکمەترو باشــتر بکرێــت و لەگەڵ ئەو ژمــارە تراڤیکەی هەیە بگونجێت و ڕێگا دروســتکردن کاتی دەوێت هەنــدێ ڕێگا هەیە ماوەی دوو ســاڵی دەوێت و ئێمە پێوەرەکانی ڕێگاوبان و شەقام دروستکردنمان لە ســاڵی ٢٠١٠ گۆڕیــووە و ئەنجامی پرۆژەی ڕێگاوبانەکانیش لەدوایە کە پرۆژەکان تەواو دەبێت ئینجــا دەردەکەوێــت و ئێســتا دوو ڕێگامان لە کوردســتان هەیە ئەو پێوەرانەی تێدا بەکارهاتووە، یەکێکیــان ڕێــگای هەولێر-پردێیــە و دووەمیان ڕێگای دوکان-ســلێمانییە کە هەردوو ڕێگاش تا ئێســتا وەکو خۆی ماوە، چونکە بە ستانداردێکی جیهانی دروســتکراون و ئێستاو لە داهاتووشدا لە دروســتکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕێگاوبان و شــەقامەکان لە هەموو ســنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردســتاندا هەر لەســەر ئــەو پێوەرانە دەڕۆیــن، ئێمە پێوەری پاشــتۆ بەکاردەهێنین کە پێوەرێکی دیزاینی ئەمریکییەو وڵاتانی تریش هەر پاشتۆ بەکاردەهێنن، بۆ پاراستنی ڕێگاوبانەکان و بەرژەوەندی گشتی لە ٢٠١٢/١/١بەهەماهەنگی

## بەرزبوونەوەی نرخی یەکەی نیشتەجێبوون و بازرگانیکردن پێیەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەئاست خواست و پێداویستی هاوڵاتیاندا نییە

وەزارەتی ناوخۆ ڕێنماییــەك دەردەچێت بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بارەکانیان بەپێی ئەکسڵی ئۆتۆمبێلەکانیان باربکەن و نابێت لەکاتێ دەچنە سەر قەپانی ڕێگاکان هەموو ئەکسلەکانیان بەکاربێنن، بەڵام کە دەچنە سەر ڕێگاکان ئەکسلەکانیان بەپێی قورســایی بارەکەیان بەکارنەهێنن و هەر یەکێکیش لەم بڕیارو ڕێنماییە دەربچێت و سەرپێچی بکات لە ساڵی تازەوە ئیجرائات و سزای قورس وەردەگرێت. هەروەها تا ئێســتا ســەرچاوەی ئەو قیرەی ئێمە بەکاریدەهێنین لــە پاڵاوگەکانی بێجی و دۆرەیەو بەهۆی ئەو بارودۆخــەی عێراقی پێ تێپەڕدەبێت کۆنترۆڵکردنی جۆری لە هەر چیەك بێت( نەوت، گاز، بەنزین، قیر، .تاد ) زۆر زەحمەتە، ساڵی ڕابردوو بەهــۆی وەرنەگرتنی قیری خراپەوە زۆر پرۆژەی شەقام و ڕێگاوبانەکانمان دواکەوت، بۆ چارەسەری ئەمــە لەگەڵ وەزارەتــی سامانەسروشــتییەکان قســەمانکردووە کە پێویستە پاڵاوگە لە کوردستان دابنێیــن قیریــش بەرهــەم بهێنێت کــە بتوانین جۆرایەتیەکەشی کۆنترۆڵ بکەین، سەبارەت بەکاری کۆمپانیاکانیــش بەدڵنیاییەوە لە کارو ئەنجامدانی هەمــوو پرۆژە و توانای کۆمپانیاکان ڕازی نین و لێرەدا دێینە ســەر ئەوەی کە ئێمە دوو ئیختیارمان هەیە کامیــان هەڵبژێرین یەکێکیان ئەوەیە کە کار نەدەینە کۆمپانیاکانی خۆمان و هەموو کارەکان بە کۆمپانیای بیانی بدەین، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە بەمجــۆرە کۆمپانیاکانی خۆمان پێناگەن، ڕێــگای دووەم ئەوەیە کــە کۆمپانیاکانی خۆمان و بیانــی بەیەکەوە کار بکەن ئێمە ئێســتاکە بەو ڕێگایە کارو پرۆژەکان دەکەین، من بە پێویســتی دەزانم توانای کۆمپانیاکانی خۆمان پێش بەکەوێت و پێویســتە کۆمپانیای خۆمان پێشــەکی پارەی پــێ بدەین و من لەگەڵ ئەوەم کە پێشــەکی پارە بە کۆمپانیاکانی خۆمــان بدرێت بۆ ئەوەی پێش بکەون، ئەمە ئەرکی سەرشانی حکومەتە لە هەموو وڵاتێکە لــەلای ئێمە بۆی هەیە حەساســیەتێك هەبێت کە پشــتی کۆمپانیای خۆماڵی نەگیرێت و ئەمــەش بیرکردنەوەیەکــی هەڵەیــە، لەکاتێك گرووپێکــی کۆمپانیای وڵاتێك دێتە کوردســتان دەبینین بەرپرسێکی حکومی لەگەڵیاندایە، دەبێت

## وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار سەرقاڵی پرۆسەیەکە بۆ گشتگیرکردنی پێوەرەکانی مۆڵەتدانی بیناسازی

ئێمە وەکو شــەریك ســەیری کۆمپانیاکان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوان پــرۆژەو کارەکەمان بۆ دەکەن، بەڵام ئەگەر لە کارو پــرۆژەکان باش نەبوون ئەوە پێویســتە بەپێــی ڕێنماییەکان ســزاو ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەم باسە ئەوە ناتوانین بە گشــتگیری بە هەموو کۆمپانیاکانی خۆمان بڵێین باشن و ناتوانین بڵێین هەمووش خراپن، بەڵام یەکێك لە هەڵە گەورەکان پۆلێنی بەڵێندەرەکانمانە، ئێمە بەپێی ڕێنمایی بە پۆلێن کار بە بەڵێندەرەکان دەدەین و بەڵێندەرمان هەیــە توانای پۆلێنی ٥ی نییە، کەچی پۆلێنی یەکی پێدراوە، بۆیە پێویستە ئەمە ڕێکبخرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستە مانگێك پێش ئێســتا پاش ئەوەی یەکێتی بەڵێندەران کۆنفرانسی ئەنجامــدا و ســەرۆکی تازەیان هەڵبــژارد ئەوە دیدارێك بۆ یەکێتی بەڵێندەران لەگەڵ ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکخــراو چەند وەزیرێك لەم دیدارە ئامادەبوو، مــن یەکێك بووم لە ئامادەبووان و بۆ ئەو مەبەستەش ئێستاکە لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ ئەوەی بــە هەموو کەموکوڕییــەکان بچینەوە و یەکێــك لەو کارانە ئەوەیە کــە باس لە پۆلێنی بەڵێندەران بکرێــت کە چی لێ بێت و بەرەو کوێ بڕوات، هەروەها لەم ڕێگا دوو ســایدانە پێویستە برایانی شوفێر پابەندی هیماو نیشانەکانی هاتوچۆ بــن و بەپێی ئەو خێراییــەی دیاریکراوە لێبخوڕن و بەرزترین ئاســتی لێخوڕینیش لەم ڕێگایانە لە ١٠٠کیلۆمەتر لــە کاتژمێرێك زیاتر نییەو ئەوەی پابەندی ئەو ڕینمایی و یاســایانە دەبێت ژیانی خۆی و هاووڵاتیانــی لەبەرچاوەو زۆر بەکەمی تووشی کێشــەو ڕووداوی هاتوچۆ دەبێت، بۆیە پێویســتە هەرهەموومــان پابەنــدی هیماکانی هاتوچۆ بەتایبەتی هی ڕێگاکانی دەرەوەبین.

*** ئایا وەزارەتەکەتان چەند کارگەو میکانیزمی هەیە، ئەو کارگەو ئالیاتانە تاچەند لەتوانایدا هەیە بەپێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆ کارو چالاکی پێ بکرێت، هاوکات بۆچی کاتێك باس لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونی هەرێمی کوردستان دەکرێت، پڕۆژەکان بە تنفیزی ڕاستەوخۆ ناکەن؟**

- ئێمە کارو پرۆژەی تەنفیزی ڕاستەوخۆمان هەیە، بەڵام ئەو کارو پڕۆژانەی هەیە بەو قەبارەیە نییە کە لەگەڵ ژمارەی ئامێرو کارگەکانمان بگونجێت، هاوکات ئایا ئەگەر ژمارەی ئامێرو کەرەستەو کارگەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون کۆبکەینەوە بە قەدەر چەند کۆمپانیای زۆر بە توانای بیانی دەبێت کە ئێستا لە کوردستانە ئیش دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئەوە ژمارەی ئامێرو کارگەکانی ئێمە چەند بەرانبەری ئەوانە و زۆر زیاترە، ئێمە کارگەمان هەیە هیچ کۆمپانیایەکی خۆماڵی و کەرتی تایبەتی نییەتی، بەڵام ئایا دەتوانین بەرهەمەکەی بەقەدەر بەرهەمی کەرتی تایبەت بێت ئەگەر ئەو کارگەی لەبەردەست بێت؟ بێگومان نەخێر ئێمە ناتوانین لەهەمان ئەو کارگەیە بەرهەم بێنین کە هەندێ کەرتی تایبەت بێت، چونکە ئەوە بۆ سیستەمەکە دەگەڕێتەوە سیستەمی ئێمە حکومییە کە کار بە فەرمانبەر دەکەین کە ماوەی کارکردنی دیاریکراوەو مۆڵەت و پشووی هەیەو شێوازی لێپێچینەوەی بە پێی یاسایەکە هی سالانی کۆنە. .، بۆ چارەسەری ئەوە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووەو لە بەرنامەشی دادەنێین کە دوو کۆمپانیا دابنێین کە سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بێت بەپێی یاسایی ژمارە ٢٢ و ٢٣ی دامەزراندی کۆمپانیاکان هەرێمی کوردستان، ئامێرو کارگەو کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەتمان دەخەینە ناو ئەو دوو کۆمپانیانە و ئەو فەرمانبەری دەچێتە ئەو کۆمپانیانە تاقیکردنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت، ئەگەر تواناو شارەزایی نەبێت خولی بۆ دەکەینەوە و ئەو کارمەند و فەرمانبەرانە وەکو کارمەندی کۆمپانیا کاردەکەن، ئەگەر لە کاتێکدا ئەو کرێکارو کارمەند و فەرمانبەرەی کاری پێ نەکرا ئەوە دەری ناکەین، بەڵکو لە کارگەکە بۆ ناو وەزارەت وەکو فەرمانبەر دەگەڕێتەوە، لەوکاتەدا دەتوانین تەنفیزی ڕاستەوخۆ زۆر زیاتر ئەنجام بدەین و لە هەر پڕۆژەیەك کۆمپانیای ئەهلی پێی تەواو نەکرا ئەوە خۆمان تەواوی دەکەین و تواناو بەرهەمی کارکردنمان زۆر زیاتر دەبێت.

**بۆ پاراستنی ڕێگاوبانەکان و بەرژەوەندی گشتی لە ٢٠١٢/١/١بەهەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایەك دەردەچێت بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بارەکانیان بەپێ ئەکسڵی ئۆتۆمبێلەکانیان باربکەن**

*** دواکەوتن لە جێبەجێکردنی زۆر پڕۆژە، لەوانە وەکو دووسایدی ڕێگای نێوان هەولێرو کۆیە کە بڕیاربوو لە ٢٠١٠ ئەنجام بدرێت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دەبێ بزانین دوو جۆرە ڕێگاوبان هەیە، جۆرێکی ڕێگای زۆر خێرایە کە پێی دەگوترێت مۆتۆڕوێ کە ئێمە تا ئێستا ئەو جۆرە ڕێگایەمان نییە و دووەم ڕێگا کە لە نێوان هەموو شارو شارۆچکەکان دروست دەکرێت ڕێگای دوو سایدە، ئەو ڕێگاو پڕۆژانەی کە بڕیارە ئەنجام بدرێن یا لە ژێر جێبەجێکردنن وەکو ڕێگای نێوان هەولێر-کۆیێ و کۆڕێ-شەقڵاوە-مەسیف ئەو ڕێگایانە پڕۆژەی دوو سایدن، ڕێگای مۆتۆڕوێ نییە، بۆ ئەو ڕێگایانە کە لە هەرێمی کوردستان بەدوو ساید دەکرێن لە نێوان هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێم ئەوە وەکو ستراتیژیەتی وەزارەت سالانە بەپێی تەرخانکردنی بودجەکەمان تا ساڵی ٢٠١٣ نابێت هیچ ڕێگایەکی دوو ساید بمینێتەوە و نەخرابێتە بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەو نیشتەجێکردن. بەپێی ئەو ماستەرپلانەی بۆ ڕێگاوبان هەمانە وا دەخوازێت و ئەوەش پابەندە بە بڕی بودجەی تەرخانکراو، بەڵام ڕێگای خێرایە کەپێی دەڵێن مۆتۆڕوێ کە ئەو جۆرە پڕۆژەو ڕێگا خێرایانە لە هەموو دنیادا حکومەت جێبەجێ ناکات، بەڵکو لەلایەن کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەوە دروست دەکرێت و لەم ڕێگایانەش لەلایەن وەبەرهێنەرەکەوە بەپێی سیستەمێك پارە لەو ئۆتۆمبێلانە وەردەگیرێت کە هاتوچۆی لەسەر دەکەن. هەربۆ نموونە لە نێوان دهۆك بۆ گەرمیان دەتوانرێت ڕێگای مۆتۆڕوێ دروست بکرێت ئەو ڕێگایانەش زۆر خێران و بەناو شارەکاندا ناڕوات و هەر هەمووی بە پردی گەورەو بەرز دروست دەکرێت و لەم جۆرە ڕێگایانەوە تا ئێستا لە کوردستان نییە و کۆمپانیایەك داوای کردووە کە لە هەولێرەوە بۆ دهۆك ڕێگای مۆتۆڕوێ دروست بکات و هەر لە گفتوگۆداین، بەڵام باوەڕ ناکەم بگەین بە ئەنجام و ڕێککەوتن، لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەی گرێبەست و ماوەی کارکردنی وەبەرهێنەکە لەسەر ئەو ڕێگایە ناگەینە ڕێککەوتن، بەڵام ڕێگاکانمان لەمجۆرە زۆرن بەپێی ماستەرپلان و تا ساڵی ٢٠٣٠ بە چوار قۆناغ جێبەجێ دەکرێن، ئەمساڵ پردێك هەیە لەسەر ڕێڕەوی ئەم ڕێگا خێرایە کە ڕێگای دهۆك زۆر لە هەولێر نزیك دەکاتەوە و لە جیاتی ئەوەی بە بەردەڕەشدا بڕۆیت دەچێتەوە دەروازەی شارۆچکەی ڕۆڤیا ئەو پردەیە دەخەینە بواری جێبەجێکردن و لە ناو پلانی ڕێگا مۆتۆڕویەکەدایە و بەم شێوەیەش دروستی دەکەین کە لەکاتی ئەنجامدانی ڕێگا خێراکە ئەو پردە ببێتە بەشێك لە پڕۆژەکە، پڕۆژەی دووسایدکردنی کۆڕێ – شەقڵاوە تا ئێستا زۆر باش ڕۆیشتووەو لە کارەکانیان بە پێی بەرنامە ئیشکراوەو قۆناغی باشی بڕیوە، بەڵام بەهۆی هەندێ کێشە وەکو هاتنە پێشی تاوەری کارەبا یا زەوی وباخی هاووڵاتیان کەمێك دواکەوتووە. گەرچی دووسایدی حاجی ئۆمەران دواکەوتووە و ئاستەنگی زۆری لە پێشەو بەچارەسەرکردن و کۆتایی هاتنی ئەو ئاستەنگانە ئەوە کۆمپانیاکە ئامادە باشە لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە.

*** تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە گوندەکانی کوردستان ڕێگاوبانەکانی خراپە ئایا چەند گوند ڕێگای قیرتاوی نییە، پڕۆژەتان لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی ڕێگاوبانی گوندەکانی کوردستان؟**

-سەبارەت بەوەی کە بۆچی ڕێگای گوندەکان قیرتاو ناکەن، قیرکردنی ناو گوندەکان هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و لە وڵاتانی ئەوروپاش ناو گوندەکان قیرتاو ناکەن تەنیا ڕێگا سەرەکییەکەی دەچێت بۆ گوندەکان قیرتاوکراون، چونکە قیرتاوکردن سیانەو چاککردنی زۆری دەوێت، ئەگەر ڕێگای گوندەکانمان هەر هەمووی قیرتاو بکەین ئەوە بەرهەمهێنانی هەموو کارگەکانی قیرمان سالانە تەنیا بەشی سیانەو چاککردنی ڕێگای گوندەکان دەکات، بەڵام پێویستە ڕێگاکان بە تێکەڵەی باش دروست بکرێن و پێویستیە ئەو ڕێگایانەش سالانە چاك بکرێنەوە.

**ساڵی ڕابردوو بە هۆی وەرنەگرتنی قیری خراپەوە زۆر پڕۆژەی شەقام و ڕێگاوبانەکانمان دواکەوت. بەڵێندەرمان هەیە توانای پۆلێنی ەی نییە. کەچی پۆلێنی یەکی پێدراوە**

*** ئایا بۆ ساڵی ٢٠١٢ چ پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی لە بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە؟**

- پڕۆژەی گرنگمان لە بەرنامەی ساڵی داهاتوو داناوە و ناتوانم ئێستاکە وردەکاریەکانی باس بکەم، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم پڕۆژەکان خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، یەکەمیان ئەوە پڕۆژە ستراتیژیەکانە کە بەدوو سایدکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دروستکردنی پردو تۆنێلەکانە، دووەمیان ئەو پڕۆژانەن کە لە سەرۆکی یەکە ئیداریەکانمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی پێداویستی ڕاستەقینەی ناوچەکان چارەسەر بکەین، سێیەمیان دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە.

# بنەما جیۆگرافیەكان بۆ سیستمی فیدراڵی لە عیراقدا

لەلایەن عیراقییەكانەوە بەگەشبینی و ئومێدەوە پێشوازی لەو گۆڕانكارییە سیاسیانە كرا كە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەسەر وڵاتەكەیاندا هات. ئەوەشیان بە پیرەوەچوونیان بەرەو سندوقەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی و ئەنجوومەنی پارێزگاكان تەرجومەكردەوە. بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ٢٠٠٥ كە بە هۆیەوە ئەم دەستورەی ئێستای عیراقی لەسەرداڕێژرایەوە، ئەم دەستورەش بۆ عیراقییەكان تا ئێستا باشترین دەسكەوتێكە بەدیهاتبێت.

گرنگترین شتێك كە لە دیباجەی دەستوورەكەدا هاتبێت، بریتیە لەوەی (سیستم لە عیراقدا كۆماری فیدرالی، دیموكراتی پلۆرالیزمییە) لە دەقی یەكەمین ماددەیدا ئەم پەرەگرافە هاتووە( كۆماری عیراق دەوڵەتێكی فیدراڵییە)كە لە پایتەختی وڵات و كۆمەڵێك هەرێم پێكهاتووە، وێڕای ئەو پارێزگایانەی كە لە دەرەوەی هەرێمەكاندان (مادەی١١٦).

هەروەها مافی هەر پارێزگایەك یان زیاتر لە پارێزگایەكە، كە هەرێمی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، ئەوەش بەپێی داخوازینامەیەك كە سێبەشی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا یان زیاتر لەو ڕێژەیە یان چەند پاڵێوراوێك پێشكەشیان كردبێت(ماددەی ١١٩).

لەلایەكی ترەوە دەستوری عیراقی لە ماددەی(١٤١)دا ئاماژەی داوە بەو یاسایانەی لە هەرێمی كوردستانی عیراق داڕێژراونەتەوە، هەر وەك چۆن لە ماددەی(١١٧)دەقەكەی بەم شێوەیە داڕێژراوەتەوە(هەرێمی كوردستان هەرێمێكی فیدراڵییە)

لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو بنەمایانەی كە لە ماوەكانی ڕابردوودا هەرێمەكانی لە عیراق لەسەر دامەزراون، و هەروەها ئەو بنەمایانەی كاریگەریی سروشتییان لەسەر دارشتنەوەی سنووری هەرێمەكان هەبووە، بۆ ئەوەی بگەینە نەخشەیەكی نوێ لە دارشتنەوەی ڕژێمی فیدرالی وڵات، كە یەكێتی و ئاسایش و سەقامگیری وڵات زامن بكات..


### واتاكانی هەرێم

وەك جیۆگرافیاناسان و پلاندانەران و دیزاینەرانی شارەكان لەهەرێم لێی تێگەیشتون، هەرێم بریتییە لەو ڕووبەرە زەوییەی كە ڕەگەزەكانی زەوی و مرۆڤ یان هەردووئەم ڕەگەزانە دەگرێتە خۆی، ئەو دوو ڕەگەزەش پێكەوە هاوبارگە دەبن بە یەكتری و لە ناوچەكانی دەوروبەری خۆی جودای دەكەنەوە، كەواتە یەكێیەتیەكی ئۆرگانی شوێنەكەیە و لە شێوازی گشتیدا ئەو شوێنە هاوشێوەیەو لە ناوەڕۆكیشدا خاڵی نییە لە هەمەجۆرێتی، بەو شێوەیە هەرێم بریتییە لە كەسایەتییەكی جیۆگرافی پایەبڵند كە دیاردەسروشتییانەكەی یان تایبەتمەندی دانیشتووانەكەی یان باری ئابوورییەكەی دیاریكەرییەتی..

لەم ڕوەوە تێبینی و سەرنجی توێژەران دەربارەی ئەو بنەمایانەی كە لەدارشتنەوەی سنووری هەرێم دا پشتی پێ دەبەسترێت هەمەچەشنەن، هەندێكیان جەخت لەسەر رەگەزە سروشتیەكان دەكەنەوە لەوانە چیاكان، كەشوهەوای ناوچەكە، دارستانەكان، ڕووبەرە ئاوییەكان. هەندێكیش لەوانە هەرێم بەوە دەناسێنن كە چەند جۆرێكی تایبەتمەندی هەیە، لەوانە هەرێمی چیاكان، یان هەرێمی زۆنگاوەكان، كەسانی تریش هەن رەگەزی ئابووری و ڕەگەزی دانیشتووان دەكەنە بنەمایەكی سەرەكی بۆ دروستبوونی هەرێم، وەك هەرێمەكانی ( پیشەسازی – بازرگانی ) یان ئەو هەرێمانەی لەسەر بنەمای (ئیتنی و ئایین و كەلتوور) دروست دەبن، لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە پلاندانان و ڕێكخستنی هەرێم زۆرجار وا ڕێك دەكەوێت هەرێمەكان بكاتە چەند یەكەیەكی بچكۆلە، وەك هەرێمی كەشوهەوای تەندرا، یان هەرێمی شارنشین، یان هەرێمی كشتوكاڵیی بەرفراوان، یان هەرێمی پیشەسازی قورس.

### هەرێمە جوگرافیەكانی ناو عیراق

وەك دەزانرێت دەوڵەتی عیراق لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە لەهەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرا پێكهاتووە، ئەمەش بەر لەوەی ویلایەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٥ بخرێتە سەر دەوڵەتی عیراق، بەو شێوەیە لە هەرێمێكی دەشتایی لیتەیی كە لەناوەندو باشووری وڵاتدا پێكهاتبوو، لەكۆندا پێی دەوترا هەرێمی ئەلسواد، فەرهەنگە دێرینەكانیش ئاماژە دەكەن بە بنەچەی وشەی ئەلعیراق، كە واتاكەی بریتیە لە ئەو زەوییەی بەرەو ڕۆخەكانی كەناری دەریا درێژ دەبێتەوەو لەمبارەیەوە ماوەردی لەكتێبی (حوكمڕانانی سوڵتانیدا)دا دەڵێت: بۆیە بەو ناوە ناوزەدكراوە، چونكە زەوییەكەی تەختاییەو شاخ و داخی تێدا نییەو هەروەها پانتاییەكانیشی نزمن، لەنەخشەی بولدافیەكانیشدا هاتووە كە سنووری عیراق لە باكوورەوەی بەرەو تكریت و دواتریش درێژ دەبێتەوە بە ڕۆخی دیجلەدا تا دەگاتە بەسرا ئەوەش دەكاتە باشووری عیراق.



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

عیراق بەلای (ئەلمسعودی )ەوە ئەو وڵاتەیە كە دیجلەو فوراتی تێدا لەیەكتر نزیك دەبێتەوە، سنووری باكوورەكەی لە ناوچەی تكریت و هیت و سند پێك دێت، ئەمەش ئاماژەیەكەو وەك لە راپۆرتی لیژنەی (كۆمەڵەی نەتەوەكان)دا پێشتر هاتووە،ئەو لیژنەیە تایبەت كرابوو بەچارەسەری گرفتی ویلایەتی موسڵ. بەمشێوەیە:

عیراق سنوورەكەی لەچیای حەمرین ـــ مەكحولەوە بەرەو ڕۆخایی دیجلە دەست پێ دەكات تا دەگاتە هیت لەسەر ڕووباری فورات، ئەوەش گەر بە پێی ئەم نەخشەیە بێت، ئەوا دابەشكردنە كارگێڕییەكانی عیراق لە ڕووی جوگرافییەوە بنەمایەكی تایبەت و گرنگیان هەبووە، هەر لەسەردەمی عەباسیەكانەوە كراوەتە سێ هەرێمەوە:

یەكەم: هەرێمی ئەلسواد: بریتیە لە كۆمەڵێك زەوی تەختایی كە دەكەونە ناوەندو باشووری عیراقەوە.

دووەم: هەرێمی جزیرە: بەشەكانی باكووری بانی خۆرئاوا دەگرێتەوە

سێیەم: هەرێمی چیاكان: بەرزاییەكان دەگرێتەوە تا دەگەنە هەمەدان

هەروەكو چۆن ئەم بەشەیان پێشتر بە(عیراقی عەجەمی) دەناسرا نەك (عیراقی عەرەبی).

لە سەردەمی ویلایەتی فەرمانڕەوایی میدحەت پاشا لە عیراقدا (١٨٦٩-١٨٧٢) هەوڵدراوە چاكسازی لە ژێرخانی كارگێڕیدا بكرێت و وڵاتەكە بەسەر كۆمەڵێك هەرێم و سنجق و قەزاو ناحیەدا دابەشبكرێت، كە تا كۆتاییەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی هەر بەو شێوەیە مایەوە، راپۆرتەكانی بەریتانیەكان لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقیەوە ئاماژەیان داوە بەو دابەشكردنانەی كە لەسەر بنەمای جوگرافیی ئەنجام دراون.

موسڵ و كەركووك و هەولێر بە پانتایی دەشتە بەرزەكان ناسراون، هەروەها ئەو پانتاییە حەوزی هەردوو زابی سەروو خوارووش دەگرێتەوە كە لە پاڵ ئەواندایە، توێژەران لەمبارەدا ئاماژە دەدەن بەوەی ئەم دابەشبوونە كارگێڕییانە لە عیراقدا بەخۆڕا نەهاتوونەتە دروست بوون، بەڵكو لە ژێر تیشكی چەندین لێكۆڵینەوەدا دیاری كراون، لێكۆڵینەوەكان پشتیان بەستووە بەدیاردە سروشتی و ئابووری و هەروەها بەبنەماكانی دانیشتووان و ئاماژە دراوە بەوەی زۆربەی زۆری سنوورە كارگێڕییەكان بەئاڕاستەی دیاردەكانی ڕووبارەكان و ڕووبەری ئاویی و چیاو دۆڵ و دەشتایین كە بۆ نەخشەڕێژكردنی سنوورەكان دروست بوون، ئەمەش لەو كاتانەی بەر لەوەی حكومەتە

لەلایـەن عیراقییەکانـەوە بەگەشـبینی و ئومێدەوە پێشـوازی لەو گۆڕانکارییە سیاسیانە کرا کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەسەر وڵاتەکەیاندا هات. ئەوەشـیان بـە پیرەوەچوونیان بـەرەو سـندوقەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیـی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەرجومەکـردەوە. بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەکەی سـاڵی ٢٠٠٥ کە بە هۆیەوە ئەم دەسـتورەی ئێستای عیراقی لەسـەرداڕێژرایەوە، ئەم دەسـتورەش بۆ عیراقییەکان تا ئێسـتا باشترین دەسکەوتێکە بەدیهاتبێت.

گرنگترین شـتێك کە لە دیباجـەی دەسـتوورەکەدا هاتبێت، بریتیە لەوەی (سیسـتم لە عیراقدا کۆماری فیدرالی، دیموکراتی پلۆرالیزمییە) لـە دەقی یەکەمین ماددەیـدا ئەم پەرەگرافە هاتـووە( کۆماری عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە)کە لە پایتەختی وڵات و کۆمەڵێك هەرێم پێکهاتووە، وێڕای ئەو پارێزگایانەی کە لە دەرەوەی هەرێمەکاندان (مادەی١١٦).

هەروەها مافی هەر پارێزگایەك یان زیاتر لە پارێزگایەکە، کە هەرێمی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، ئەوەش بەپێی داخوازینامەیەك کە سێبەشی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا یان زیاتر لەو ڕێژەیە یان چەند پاڵێوراوێك پێشکەشیان کردبێت(ماددەی ١١٩).

لەلایەکـی ترەوە دەسـتوری عیراقی لە مـاددەی(١٤١)دا ئاماژەی داوە بەو یاسـایانەی لە هەرێمی کوردستانی عیراق داڕێژراونەتەوە، هەر وەك چۆن لە ماددەی(١١٧)دەقەکەی بەم شـێوەیە داڕێژراوەتەوە(هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە)

لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو بنەمایانەی کـە لە ماوەکانی ڕابردوودا هەرێمەکانی لە عیراق لەسـەر دامەزراون، و هەروەها ئەو بنەمایانەی کاریگەریی سروشـتییان لەسـەر داڕشتنەوەی سـنووری هەرێمـەکان هەبووە، بۆ ئەوەی بگەینە نەخشـەیەکی نوێ لە داڕشتنەوەی ڕژێمی فیدرالی وڵات، کە یەکێتی و ئاسایش و سەقامگیری وڵات زامن بکات..

## واتاکانی هەرێم

وەك جیۆگرافیاناسـان و پلاندانەران و دیزاینەرانی شـارەکان لەهەرێم لێی تێگەیشـتون، هەرێم بریتییە لەو ڕووبـەرە زەوییەی کە ڕەگەزەکانی زەوی و مـرۆڤ یـان هەردووئـەم ڕەگەزانە دەگرێتە خـۆی، ئەو دوو ڕەگـەزەش پێکەوە هاوبارگە دەبن بە یەکتری و لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی جودای دەکەنەوە، کەواتە یەکێیەتیەکی ئۆرگانی شـوێنەکەیە و لە شـێوازی گشتیدا ئەو شوێنە هاوشـێوەیەو لە ناوەڕۆکیشدا خاڵی نییە لە هەمەجۆرێتی، بەو شـێوەیە هەرێم بریتییە لە کەسایەتییەکی جیۆگرافی پایەبڵند کە دیاردەسروشتییانەکەی یان تایبەتمەندی دانیشتووانەکەی یان باری ئابوورییەکەی دیاریکەرییەتی..

لەم ڕووەوە تێبینی و سـەرنجی توێژەران دەربارەی ئەو بنەمایانەی کە لەداڕشتنەوەی سـنووری هەرێم دا پشتی پێ دەبەسترێت هەمەچەشنەن، هەندێکیان جەخت لەسـەر رەگەزە سروشـتیەکان دەکەنەوە لەوانە چیاکان، کەشوهەوای ناوچەکە، دارستانەکان، ڕووبەرە ئاوییەکان. هەندێکیش لەوانە هەرێم بەوە دەناسێنن کە چەند جۆرێکی تایبەتمەندی هەیە، لەوانە هەرێمی چیاکان، یان هەرێمی زۆنگاوەکان، کەسانی تریش هەن رەگەزی ئابووری و ڕەگەزی دانیشتووان دەکەنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دروستبوونی هەرێم، وەك هەرێمەکانی ( پیشەسـازی – بازرگانی ) یان ئەو هەرێمانەی لەسەر بنەمای (ئیتنی و ئایین و کەلتوور) دروست دەبن، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پلاندانان و ڕێکخستنی هەرێم زۆرجار وا ڕێك دەکەوێت هەرێمەکان بکاتە چەند یەکەیەکی بچکۆلە، وەك هەرێمی کەشوهەوای تەندرا، یان هەرێمی شارنشین، یان هەرێمی کشـتوکاڵیی بەرفراوان، یان هەرێمی پیشەسازی قورس.

## هەرێمە جوگرافیەکانی ناو عیراق

وەك دەزانرێت دەوڵەتی عیـراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەهەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرا پێکهاتووە، ئەمەش بەر لەوەی ویلایەتی موسـڵ لەسـاڵی ١٩٢٥ بخرێتە سـەر دەوڵەتی عیراق، بەو شێوەیە لە هەرێمێکی دەشـتایی لیتەیی کە لەناوەندو باشـووری وڵاتدا پێکهاتبوو، لەکۆندا پێی دەوترا هەرێمی ئەلسـواد، فەرهەنگـە دێرینەکانیش ئاماژە دەکەن بە بنەچەی وشـەی ئەلعیراق، کە واتاکەی بریتیە لە ئەو زەوییەی بـەرەو ڕۆخەکانی کەنـاری دەریا درێژ دەبێتـەوەو لەمبارەیەوە ماوەردی لەکتێبی(حوکمڕانانی سـوڵتانیدا)دا دەڵێت: بۆیە بەو نـاوە ناوزەدکراوە، چونکـە زەوییەکـەی تەختاییەو شـاخ و داخـی تێدا نییـەو هەروەها پانتاییەکانیشی نزمن، لەنەخشـەی بولدافیەکانیشدا هاتووە کە سنووری عیـراق لە باکوورەوەی بەرەو تکریـت و دواتریش درێژ دەبێتەوە بە ڕۆخی دیجلەدا تا دەگاتە بەسرا ئەوەش دەکاتە باشووری عیراق.

عیراق بەلای (ئەلمسـعودی )ەوە ئەو وڵاتەیـە کە دیجلەو فوراتی تێدا لەیەکتر نزیك دەبێتەوە، سنووری باکوورەکەی لە ناوچەی تکریت و هیت و سند پێك دێت، ئەمەش ئاماژەیەکەو وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)دا پێشـتر هاتووە،ئـەو لیژنەیە تایبەت کرابوو بەچارەسـەری گرفتی ویلایەتی موسڵ. بەمشێوەیە:

عیراق سـنوورەکەی لەچیای حەمرین ـــ مەکحولەوە بەرەو ڕۆخایی دیجلە دەسـت پێ دەکات تا دەگاتە هیت لەسەر ڕووباری فورات، ئەوەش گەر بە پێی ئەم نەخشـەیە بێت، ئەوا دابەشکردنە کارگێڕییەکانی عیراق لـە ڕووی جوگرافییـەوە بنەمایەکی تایبەت و گرنگیـان هەبووە، هەر لەسەردەمی عەباسیەکانەوە کراوەتە سێ هەرێمەوە:

یەکەم: هەرێمی ئەلسـواد: بریتیە لـە کۆمەڵێك زەوی تەختایی کە دەکەونە ناوەندو باشووری عیراقەوە.

دووەم: هەرێمی جزیرە: بەشەکانی باکووری بانی خۆرئاوا دەگرێتەوە

سێیەم: هەرێمی چیاکان: بەرزاییەکان دەگرێتەوە تا دەگەنە هەمەدان

هەروەکو چۆن ئەم بەشەیان پێشتر بە(عیراقی عەجەمی ) دەناسرا نەك (عیراقی عەرەبی ).

لە سـەردەمی ویلایەتـی فەرمانڕەوایی میدحەت پاشـا لە عیراقدا (١٨٦٩-١٨٧٢) هەوڵدراوە چاکسـازی لە ژێرخانی کارگێڕیدا بکرێت و وڵاتەکە بەسەر کۆمەڵێك هەرێم و سـنجق و قەزاو ناحیەدا دابەشبکرێت، کـە تا کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی هەر بەو شـێوەیە مایەوە، ڕاپۆرتەکانـی بەریتانیەکان لـەدوای دامەزراندنی دەوڵەتـی عیراقیەوە ئاماژەیان داوە بەو دابەشـکردنانەی کە لەسەر بنەمای جوگرافیی ئەنجام دراون.

موسـڵ و کەرکووك و هەولێر بە پانتایی دەشـتە بەرزەکان ناسـراون، هەروەها ئەو پانتاییە حەوزی هەردوو زابی سەروو خوارووش دەگرێتەوە کە لە پاڵ ئەواندایە، توێژەران لەمبوارەدا ئاماژە دەدەن بەوەی ئەم دابەشبوونە کارگێڕییانـە لە عیراقـدا بەخۆڕا نەهاتوونەتە دروسـت بوون، بەڵکو لە ژێر تیشـکی چەندین لێکۆڵینەوەدا دیاری کراون، لێکۆڵینەوەکان پشتیان بەستووە بەدیاردە سروشتی و ئابووری و هەروەها بەبنەماکانی دانیشتووان و ئاماژە دراوە بەوەی زۆربەی زۆری سـنوورە کارگێڕییەکان بەئاڕاستەی دیاردەکانی ڕووبارەکان و ڕووبەری ئاویی و چیاو دۆڵ و دەشتایین کە بۆ نەخشەڕێژکردنی سنوورەکان دروست بوون، ئەمەش لەو کاتانەی بەر لەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق گۆڕانکاری فراوان لە دامەزراوە کارگێڕییەکانـدا ئەنجام بدەن و لەپێناوی ئەوەی بنەماکانی سـەربازی و ئاسایش بخەنە پێش بنەماکانی سروشتیەوە.

حکومەتی عیراقی ساڵی ١٩٢٢ کاتێك هەڵبژاردنەکانی ڕێك دەخست وڵاتەکەی دابەشکردە سەر سێ بازنەی هەڵبژاردنەوە، بەمشێوەیە خوارەوە:

١- بازنـەی یەکەمی هەڵبـژاردن کە لـە (لیواکان)پارێزگاکان پێك دەهات، لەوانە موسڵ و سلێمانی و کەرکووك

٢- بازنـەی دووەمی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی بەغداو دیالەو حیلەو کەربەلاو کوت و دلێم (ئەنبار) پێکهات .

٣- بازنەی سـێیەمی هەڵبـژاردن لەشـارەکانی مونتەفیك(زیقار)و عەمارەو بەسرا پێکهات .

دواتر شاری هەولێر خرایە سـەر بازنەی یەکەم لە پێکهاتنیدا، شاری دیوانیەش خرایە سـەر بازنەی سـێیەم، جوگرافیاناسان و نەخشەدانەران، عیراقیان دابەشـکردە سـەر سـێ هەرێمی سروشـتی بەمشـێوەیەی خوارەوە:(هەرێمی شـاخاوی، هەرێمی دەشتایی، هەرێمی بانی خۆرئاوا) کـۆی توێژەران لەسـەر ئەوە ڕێك کەوتـون کـە بەرزاییەکانی حەمرین بەئاڕاستەی سنووری خۆرئاوای عیراقدا بنەمایەکی سنوورییە بۆ دابڕانی هەرێمی شـاخاوی لەهەردوو هەرێمی دەشتایی لیتەیی و هەرێمی بانی خۆرئاوایی .

وەك لـە ڕاپۆرتی لیژنەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)دا کە ئاماژەم پێکرد ئەو ڕاستییە هاتووە کە عیراقی ئێستا بریتییە لە سێ هەرێمی سەرەکی:

١- هەرێمی عیراق
٢- هەرێمی جزیرە
٣- هەرێمی کوردستان

لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەیدا بەرزاییەکانی حەمرین ـ مەکحوول بریتییە لە سـنووری کارگێڕیی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی جزیرەو هەرێمی

**دوو نەتەوەی سەرەکی کۆمەڵگای عیراق پێك دەهێنن. هەر نەتەوەیەکیان لەسەر ئاستی زەوی و مرۆڤ جیاوازن لەیەکتر کە بریتین لەنەتەوەی عەرەب و کورد**

**هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە پارێزگاکانی ناوشاخەکان و بەرزاییەکانی حەمرین و مەکحوول پێکدێن و بناغەن بۆ داڕشتنەوەی سنوورەکەی لە باشوورەوە**

# ئیسلام لەنێوان خەڵکدا حەکەمە، نەک تەنیا بەسەر خەڵکدا حاکم بێت



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆچوونەکان چەندە جیاواز بووبن، بەڵام لە دواجاردا دوو بۆچوونی دیار بەرچاو دەکەون لە ناوەندە ئیسلامییەکەدا، کە یەکێکیان پێی وایە گەیشتنی تەواو بە دەسەڵات زۆر زەحمەتە و شەڕو کوشتارو خوێنڕشتنێکی قەبوڵنەکراوی بەدوادا دێت، بۆیە ڕێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدا لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش و بە ئیسلامیکردنی بوارە پێویستییەکانی ژیان تەنیا ڕێگەیەکە بۆ بەفیڕۆنەدانی کات و کار و خوێن و سامانی خەڵك و وڵات.

بۆچوونێکی تریش پێی وایە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەوە نابێت کە لە دەست ئەو دەسەڵاتەی ئێستادا بێت، هەرچەندە لایەنی چاکیشی هەبێت، بەڵکو ئەو بۆچوونە لای وایە کە دەسەڵات ئەو کاتە ئیسلامی دەبێت، کە ئەو ئیستیلامی دەکات.

لەم پێناوەشدا هێزو شەڕو تەکتیك و پارەو سەرچاوەی دارایی و هەرچی پێویست بکات، ئەو هەوڵی دابینکردنی دەدات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

بۆیە بۆچوونی یەکەم لە کۆن و ئێستادا بڕوای بە ڕیفۆرم هەیە لەناو دەسەڵات و لەگەڵ دەسەڵاتدا. بۆچوونی دووەمیش بڕوای بە شۆڕش هەیە لە دژی دەسەڵات و بەسەر دەسەڵاتدا.

لە دواجاریشدا هەر دەسەڵات هۆکاری یەکەمە لە پەرەپێدان بە جۆری ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی، چونکە کاتێك دەسەڵات جێگە و پێگە بۆ نەیارەکانی و داواکانی دەکاتەوە، بۆچوونی یەکەم پەرە دەسێنێ و، کاتێکیش هەموو شتەکان قۆرخ دەکات و گوێ بە کەسی دی نادات، بۆچوونی دووەم پەرە دەسێنێ و شۆڕش بەسەر ڕیفۆرمدا زاڵ دەبێت، چونکە ئەزموونی سیاسیی ئیسلامی و عەلمانی گوتەزایەکی بەرهەمهێناوە، کە دەڵێت: (دەسەڵات جۆری ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی دیار دەکات!!)

لێرەوە زۆر گرنگە پەرە بەریفۆرمی فیکریی بدرێت لەم بوارەدا، چونکە خوای گەورە خوای هەمووانە، پێغەمبەرەکەیشی (درودی خوای لەسەر) ڕەحمەتە بۆ هەمووان و، خوای گەورەش بەیەکسان تەماشاکردنی بۆ گشت مرۆڤەکان لە دنیادا، ناوی (حەکەم)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە نەك (حاکم)، چونکە هەموو (حەکەم)ێك حاکمە، بەڵام مەرج نییە هەموو حاکمێك بتوانێت حەکەم بێت.

مەرجی بوون بە حەکەم بەیەکسان سەیرکردنی گشت لایەك و گشت مرۆڤەکانە بەیەکسانیی، هەر لەبەر ئەمەشە ڕێسا و یاساکانی خوای گەورە ناوی لێنراوە شەریعەت و، بۆیەش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە بەڵێننامەی مەدینەدا نووسی: «موسڵمانان لەسەر ئاینی خۆیان، جوولەکەکان لەسەر ئاینی خۆیان» هەروەها لەڕووی مامەڵەکردن و یاساپارێزیدا نووسی: «جولەکەکان لەگەڵ موسڵماناندا یەك کۆمەڵن، واتە وەك یەك لە بەرامبەر یاسادا ڕادەوەستن».


خوای گەورە جیاوازیی پاداشت و سزای لەسەر پەیڕەوکردن یان نەکردنی ئایینەکەی بۆ قیامەت هەڵگرتووە، بەڵام لە دنیادا وەك بە خەڵك دەفەرموێت: ئیسلام دوائایینی خوایە بۆ مرۆڤەکان، لە هەمان کاتیشدا و لە هەمان قورئانیشدا دەفەرموێت: ئایین بەزۆر ناسەپێنرێت بەسەر کەسدا و، خەڵکیش ئازادن لە بڕواهێنان یان نەهێنان.

خوای گەورە لە قورئاندا وەك باس لە مزگەوت و پێگەی دەکات، باس لە پەرستگای جولەکە و مەسیحیەکانیش دەکات.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ چوار جێنشینەکەیدا مامەڵەی مرۆڤ دۆستانەی بەرزیان لەگەڵ خاوەن ئاینەکانی تردا دەکرد، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەمڕۆ ئاینخوازان لە خەمی گێڕانەوەی ڕۆڵی حەکەمیانەی ئیسلامدا بن زیاتر لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕۆڵی حاکمبوونی ئیسلام و، پشتگیریکردن لە توێژێکی کۆمەڵگە و پشتگوێ خستنی ئەوو دوای کۆمەڵگە.

پەیامی ڕەحمەت و مرۆڤدۆستانەی ئیسلام لە ڕەحمانیەتی خوای گەورەوە سەرچاوە دەگرێت و پاداشت و خەڵاتی خواپەرستی و عیبادەتیش لە ڕەحیم بوونی خواوە سەرچاوە دەگرێت و، لە قیامەتدا دەبێت نەك لە دنیادا.

# ئێمە و ئەوان



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

بە دووری نازانین کە هەر تاکێکی ئێمە بۆ جارێکیش بێت ئەم پرسیارەی لە خۆی کردبێت یان بە بیریدا هاتبێت:بۆ ئێمە واین و ئەوان وانین؟ دیارە مەبەستمانە بپرسین بۆ ئێمە دواکەوتووین و ئەوان پێشکەوتوون؟ هۆکارەکان چین؟

- ئایا ئەوان خاوەنی مێژو و شارستانییەکی دێرینن وئێمە نا؟
- ئایا ئەوان خاوەنی نیشتمانێکی دەوڵەمەندن بە سەرچاوە سروشتییەکان وئێمە نا؟
- ئایا پەروەردگار مێشك و هۆشێکی تایبەتی بەوان بەخشیوە وئێمە نا؟
- ئایا ئەوان خاوەنی جەستەیەکی لێهاتوون بۆ کارکردن و بەرهەمهێنان وئێمە نا؟

چاوپیاخشاندنێك بە نەخشەی جوگرافی کۆمەڵگا ودەوڵەتە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگا ودەوڵەتە دواکەوتووەکان وەڵامێکی نەرێنی ئەو پرسیارانە دەداتەوە. هەر بۆ نموونە دەڵێن:

- ژاپون ناکەوێتە نێو خانەی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوە سروشتیەکان کەچی لە ریزی پێشەوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهانە.
- دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی مێژو و شاراستانییەکی دێرینن بەڵام لە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا نین.
- زانستی پزیشکی سەلماندویەتی کە پەروەردگار مێشك و هۆشی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر گەلان و نەتەوەکانی جیهاندا دابەشکردووەو خاوەنی گەورەترین مێشکی مرۆڤیش قولەڕەشێکی ئەفریقی بووە، هەرچەندە گەورەو بچوکی مێشکی ئادەمیزاد، ئەوەندەی من بزانم، پێوەندی بە ئاستی زیرەکی مرۆڤەوە نییە.
- جیاوازی جەستەیی و لێهاتوویی بۆ کارکردن بەدی ناکرێت لە نێوان گەلانی جیهان بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ئەوەیە کە کۆچکەرانی دەوڵەتە دواکەوتووەکان بۆ دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکای ئەنگلۆسەکسۆن بە هێزی بەرهەمهێنەری گرنگ دادەنرێن لەم وڵاتانە.

پشتبەستن بەوەی کە ئاماژەی بۆ کرا سروشتییەو هەموومان ئەم پرسیارە لە خۆمان و خەڵکی تر بکەین و هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئەوان و دواکەوتنی ئێمە چین؟

ئەم پرسیارە وەڵامێکی کورتی هەیە ئەویش بریتیە لە: بوونی جیاوازی لە نێوان هەڵسوکەوتی ئێمەو هەڵسوکەوتی ئەواندا دەبینرێت. بەڵێ جیاوازی هەڵسوکەوتی ئێمە و ئەوان.

زۆرینەی ئەوانی پێشکەوتوو، لە ژیانیاندا خاوەنی هەڵسوکەوتێکن کە پشت بەم پرەنسیپانە دەبەستێت: (خۆشەویستی کارو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن تیایدا، راستگۆیی، هەست بە لێپرسیاویەتی کردن، رێزگرتن لە یاسا . تاد).

زۆرینەی ئێمەی دواکەوتوو پەیڕەوی ئەم پرەینسیپانە ناکەن لە هەڵسوکەوتنەکانماندا. جیاوازی ئەم پرەینسیپ وهەڵسوکەوتانە وایکردوە کە تاکی ئەوان :»چۆن بیردەکاتەوە بە هەمان شێوە دەدوێت و بە هەمان جۆر رەفتار، (هەڵسوکەوت)، دەکات « واتە بیر و زمان و کاری یەکە. بە پێچەوانەی تاکی ئێمە کە»بە جۆریك بیردەکاتەوە، بە شێوەیەکی تر دەدوێت و بەجۆرێکی تر رەفتار (هەڵسوکەوت) دەکات واتە بیری و زمانی یەك نین و هەردووکیشیان لەگەڵ کرداری (هەڵسوکەوتی ) جیاوازن و یەك ناگرنەوە».

هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئەنجامی پرۆسەیەکی پەروەردەیی و رۆشنبیری درێژەخایەنە بۆیە گۆڕینی کارێکی ئاسان نییە بەڵام مەحاڵیش نییە. بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی نەرێنی ئێمە بۆ هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی، کەپێشکەوتنی ئێمەی پێوە گرێدراوە، پێویستە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ریشەیی لەشێوازی پەروەردەو رۆشنبیری (بە هەموو شێوەکانیانەوە)و لە شێوازی حوکمڕانی ئەنجام بدەین. بێ سوود نییە لێرەدا ئاماژە بۆ وەڵامی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دەوڵەتی «فینلاند Finland»بکەین، کاتێك رۆژنامەنووسێك پرسیاری لێکرد بۆ گەلی «فینلاند» بەختەوەرترین گەلی جیهانن؟ وەزیری ناوبراو لە وەڵامدا وتی :

«بەختەوەری گەلی »فینلاند» دەگەڕێتەوە بۆ ٦)) شەش هۆکار، کە یەکەمیان پەروەردگار پێیبەخشیون وبریتیە لە دڵڕفێنی سروشتی نیشتمان، دووەمیان تایبەتە بە خودی فینلاندییەکان کە چێژ لە دڵسوزی کارکردن وەردەگرن، (٤) چوار هۆکارکەی تریش حکومەتی «فینلاند» بۆی دابینکردون و بریتین لە: (نەبوونی گەندەڵی کارگێڕی کە ڕێژەکەی سفرە لە فینلاند، دابینکردی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دابینکردنی سیستمێکی فێرکردنی باش و بیمەی تەندروستی بۆ هەمووان)» .

لە وەڵامی وەزیری فینلاند دەردەکەوێت کە»حکومەت و شێوازی حوکمڕانی بەرپرسن لە دابینکردنی (٣ | ٢) دوو لەسەر سێی بەختەوەری بۆ هاووڵاتیان»!.

بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی نەرێنی ئێمە وتەی منداڵێکی تەمەن(١١) یانزە ساڵی کوردی ئەم هەرێمەو پەروەردەکراوی دەوڵەتێکی ئەوروپایم دێتەوە یاد، کاتێك فرۆکەکەیان خەریکی نیشتنەوە دەبێت لە فرۆکەخانەیەکی کوردستان، هەڵوێستی نەفەرەکانی فرۆکەکە دەبینێت چۆن بێ گوێدان بە رێنماییەکان و پێش ئەوەی فرۆکەکە بە تەواوی بنیشێتەوە، هەڵدەستنە سەر پێ و مۆبایلەکانیان بەکاردەهێنن، کە وتبووی: «ئێستا تێدەگەم بۆ کوردستان بێکارەبایە!»دیارە مەبەستی ئەو منداڵە زیرەکە ئەوەبووە کە «خەڵکی ئەم دەڤەرە رێز لە یاساو رێنماییەکان ناگرن، کە بێگومان دەرئەنجامەکی پاشا گەردانی و ئاژاوەو لەدەستدانی کۆنترۆڵ و تێکچوونی سیستمە». باوکی ئەو منداڵەیش دەڵێت «تا ئەو کاتەی کە بە یەك شێوە مامەڵە لە گەڵ گلۆپی ئۆتۆمبێلەکانمان، کە بەکار هێنانی هیچی تێناچێت، گلۆپی ماڵەکانمان، کە زێدەرۆیکردن تیایدا کاریگەریەتی لەسەر هاووڵاتیانمان دەبێت، نەکەین نابێت، چاوەڕێی پێشکەوتنی گەورە بین لەم هەرێمەدا» دیارە ئەویش مەبەستییەتی پێمان بڵێت «پێویستە بە یەك چاوو یەك شێوە تەماشاو مامەڵە لەگەڵ سامانە گشتییەکان و سامانە تایبەتیەکان بکەین و نەکەین و گەر وا نەکەین نابێت چاوەڕێی پێشکەوتنی گەورەبین».

**جەنگی دژ بە تێکدەرانی ژینگە لە شارەکانەوە دەست پێ دەکات و شارەکان گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی جەنگەکەن**